# شیعری ئینگلیزی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# شیعری ئینگلیزی

## بەرگی دووەم: شیعری سەدەی بیستەمی ئەمریکا

هەڵبژاردن و وەرگێڕان:

**ئومید وەرزەندە، بەختیار سەجادی**



ناوی کتێب: شیعری ئینگلیزی
بەرگی دووەم: شیعری سەدەی بیستەمی ئەمریکا
هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئومید وەرزەندە، بەختیار سەجادی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٦٢
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: محەمەد زادە
پیت لێدان: نسار عەبدوڵڵا
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل- لوتفی شۆڕش
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٩٢)ی ساڵی ٢٠٠٢ ی دراوەتێ

**ئەمەوێ درەختێک دەرببڕم**
**کەس نابێ بەرم پێ بگرێ**

ئی. ئی. کەمینز

# ناوەرۆک

**پێشەکی** ........ 9
**شیعری سەدەی بیستەمی ئەمریکا** ........ 10
**١- ئێدوین ئارلینگتۆن رابینسۆن (١٩٣٥-١٨٦٩)** ........ 19
ڕیچارد کۆری ........ 20
**٢- رابرت فـراست (١٩٦٣-١٨٧٤)** ........ 22
ئاگر و سەهۆڵ ........ 24
ئەو ڕێگایەی نەمپێوا ........ 25
ئێوارەیەکی بەفری لە پاڵ جەنگەڵێکدا ........ 27
**٣- کارڵ سەندبێرگ (١٩٦٧-١٨٧٨)** ........ 29
ئەستێرەکان، گۆرانییەکان، ڕوومەتەکان ........ 30
تەم ........ 31
یەکئاهەنگی ........ 32
بێ سەروشوێن ........ 33
**٤- واڵس ستیڤێنس (١٩٥٥-١٨٧٩)** ........ 35
سێزدە نیگا بۆ باڵندەیەکی ڕەش ........ 36
**٥- ویلیام کارلۆس ویلیامز (١٩٦٣-١٨٨٣)** ........ 42
ئەبێ بڵێم ........ 44
حەسرەتی بێوەژن لە بەهاردا ........ 45
**٦- ئێزرا پاوند (١٩٧٢-١٨٨٥)** ........ 47
پەیمان ........ 48
لە پارکدا ........ 49
**٧- رابینسۆن جێفێرز (١٩٦٣-١٨٨٧)** ........ 51
ئەسپەردەگای من ........ 52
شادی ........ 53



**٨- ماریان موور (١٩٧٢-١٨٨٧)** ........ 55
ساڵەکان چین؟ ........ 56
**٩- جان کرۆ رانسۆم (١٩٧٤-١٨٨٨)** ........ 59
کچە سووکەکان ........ 61
شین گێڕی بۆ کچی جان وایت ساید ........ 62
**١٠- کۆنراد ئەیکن (١٩٧١-١٨٨٩)** ........ 65
ئەو مۆسیقایەی لەگەڵ تۆ بیستم ........ 66
**١١- ئی. ئی. کەمینز (١٩٦٢-١٨٩٤)** ........ 68
ئەی نازەنین! ........ 69
بەبزەیەکەوە لەگەڵت دوام و ........ 72
تەنیایی ........ 74
بێدەنگی ........ 74
**١٢- لەنگستۆن هیوز (١٩٦٧-١٩٠٢)** ........ 76
ڕەشپێستێک باسی ڕووبارەکان دەکا ........ 77
دوورەگە ........ 79
هارلم ........ 80
**١٣- تیئۆدۆر رۆتکی (١٩٦٣-١٩٠٨)** ........ 82
واڵتسی بابم ........ 83
یاد ........ 85
**١٤- سیلڤیا پلەت (١٩٦٣-١٩٣٢)** ........ 87
ئاوێنە ........ 88

# پێشەکی

بەرگی یەکەمی ئەم پڕۆژەیەی بەردەستتان بەناونیشانی شیعری سەدەی بیستەمی بەریتانیا لەلایەن دەزگای ئاراس-ەوە کەوتە بەر دیدەی خوێنەران. ئەم کتێبەی بەردەستیش بەرگی دووەمی هەمان پڕۆژەیە و، تیایدا هەوڵدراوە شیعرە هەڵکەوتووەکانی شاعیرە ناسراوەکانی ئەدەبی هاوچەرخی ئەمریکی ئاڕاستەی خوێنەران بکرێ. لە هەڵبژاردنی بەرهەمی شیعریی شاعیرانی هاوچەرخی ئەمریکادا بێگومان ویستوومانە دیدێکی بەرفراوان و گشتگیر بدەین بەدەستی خوێنەری کوردەوە، تاکو لەم ڕێگایەوە ئەرشیڤی «ئەویدیناسی»ی کوردی تاڕادەیەک پڕ ببێتەوە. دیارە ئەم هەوڵە و سەدان هەوڵی تری لەم چەشنە ئەتوانن دەوری سەرەکی لە بەستنی پردی مەعریفی لەنێوان میللەتانی دنیادا بگێڕن و، هەروەهاش ببنە هۆی ئەوەی کە وەرگێڕان لای ئێمەی کورد زۆرتر وەک بابەتێکی جیدی و پێویست و لە هەمان کاتدا بەشێوەیەکی زانستییانە و ئاکادیمیک خۆی بنوێنێ. بەو هیوایەین بەرگی سێیەمی ئەم پڕۆژەیە، کە تەرخان کراوە بۆ وەرگێڕانی شیعری کوردی بەئینگلیزی بەناوی Kurdish Modern Poetry بەم زووانە چاپ بکرێت تا بتوانێ لە ناساندنی شیعری کوردی بەڕۆژئاوا و ئەو خوێنەرە بیانییانەی لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە لەگەڵ ئاسەواری نەتەوەکانی جیهاندا ئاشنا ئەبن دەوری کاریگەر و بەسوود ببینێ.

*ئومید وەرزەندە، بەختیار سەجادی*

سنە، هاوینی ١٣٨١ی هەتاوی - ٢٠٠٢ی زایینی



## شیعری سەدەی بیستەمی ئەمریکا

شیعری ئەمریکی لە سەدەی بیستەمدا هەندێ تایبەتمەندیی بەرچاوی هەیە و یەکێک لە نەریتە شیعرییە بەربڵاو و کاریگەرەکانی سەردەمی هاوچەرخ پێک دێنێ. هەروەک ژنە شاعیر و نووسەری ئەمریکی، گێرترودە شتەین، لە وتارێکدا ئاماژەی بۆ کردووە نەک هەر شیعری ئەمریکیی هاوچەرخ بەڵکوو سەرجەم نەریتی ئەدەبیی ئەمریکیی هاوچەرخ بەنموونەی نڤیساری ڕاستەقینەی سەدەی بیستەم دادەنرێ(١). لەپاڵ ئەمەشدا، جێ پەنجەی شیعری ئەمریکیی هاوچەرخ و بەتایبەت شیعری سەرەتای سەدەی بیستەم بەسەر شیعری وڵاتانی ترەوە دیارە و، چەندین بزاڤی شیعریی لەسەر دەستی شاعیرگەلی ئەمریکی دەستی پێکردووە. بۆ نموونە، کاریگەرێتی ئیزرا پاوند و تی. ئێس. ئیلیۆت سەرەتا لەسەر شیعری ئەورووپی و پاشان، بەشێوەیەکی بەرفراوانتر، لەسەر شیعری جیهان حاشا هەڵنەگرە(٢).

بەمەبەستی لێکۆڵینەوەی شیعری ئەمریکی سەدەی بیستەم پێویستە تیشک بخرێتە سەر دوو خاڵی هەرە گرنگ. یەکەم، شیعری ئەمریکی هاوچەرخ لەناو خۆیدا هەندێ بزووتنەوەی شیعریی ڕەسەنی پەروەردە کرد (وەک وێنەخوازی)(٣)، بابەتێتی گەری(٤) و شیعری ڕەش پێستان(٥)؛ بەو شێوەیەش کە ئەدەبی چیرۆکیی ئەمریکا لەژێر کاریگەرێتیی قوتابخانە

(1) Gertrude Stein, “What is English Literarure? (1934), reprinted in, *Look At Me Now and Here I Ami Writting and Lectures, 1911-45*, ed. patricia Meyerowitz (1971).

٢- بڕوانە بۆ جێ پەنجەی بزاڤی شیعری وێنەخوازی لەسەر شیعری ئەورووپی و ڕۆژهەڵات و، بۆ نموونە، لەسەر شیعری نوێی فارسی.

(3) Imagism.
(4) Objectivism.
(5) Negro Poetry.

ئەدەبییەکانی ئەوروپادا بوو، شیعری ئەمریکی توانی تاڕادەیەک سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ. بۆ نموونە، سروشتی خوازی(١) و ئەمپرێسیۆنیزم(٢) و ڕۆمانی شەپۆلی هۆشیاری(٣) توانییان لەسەر ئەدەبی چیرۆکیی ئەمریکی شوێن دابنێن؛ هەرچەند ئەم کاریگەرێتییە تاڕادەیەک درەنگ لە ئەدەبی ئەمریکیدا هەست پێدەکرێ. لە لایەکی ترەوە، بەڵام شیعری سەدەی بیستەمی ئەمریکا نەک هەر لەژێر کارتێکردنی شیعری ئەوروپیدا نییە، بەڵکو تەنانەت لەسەر شیعری ئەوروپی و وڵاتانی تریش جێ پەنجەی خۆی بەجێهێشت.

خاڵی دووەم بریتییە لەوەی کە جیاوازییەکی زۆر ئاشکرا هەیە لەنێوان شیعری ئەمریکی سەدەی بیستەم و سەدەگەلی پێشتردا. شیعری ئەمریکیی سەدەی بیستەم خۆی بەتوندی لە سنووری شیعری و بازنەی مەعریفیی پێش خۆی دەرباز کرد و، بەگشتی گۆڕانێکی بەرفراوان و قووڵ لەم شیعرەدا هەست پێدەکرێ. یەکێ لە هۆکارەکانی وەها گۆڕانێک، یان، باشتر بڵێین، هۆکاری سەرەکیی ئەم جیاوازییە لە بارودۆخی تایبەتی ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی بیستەمدایە. بەواتایەکی تر، لەم ڕوانگەیەوە ئەکرێ ئەدەبی ئەمریکی بەدوو بەشی گەورەی پێش و پاش شەڕی یەکەمی جیهانی پۆلێن بکرێ. ئەدەبی ئەمریکیی سەدەی هەڤدە، هەژدە و نۆزدە، یان، ئەدەبی بەرهەم هێنراو لە ماوەی نێوان سەرەتای نیشتەجێبوون و گیرسانەوەی جەماوەری پاکئاییینی(٤) ئەوروپی و بەتەنانەت ئینگلیزی تاکوو دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی، ئەدەبێکی پاک و بێ خەوش و پیرۆزە کە بەتەواوی شێوەی ژیان و بەستێنی ئاییینی و ئاکاریی یەکەم دانیشتووانی ئەمریکای مودێرن ئەنوێنێتەوە. هەر لە سەرەتای سەدەی هەڤدەهەمەوە کە جەماوەری پاکئاییینی تووڕە و ناڕازی ئەوروپایان

(1) Naturalism.
(2) Impressionism.
(3) Stream of conssiosnss.
(4) Puritan.



بەجێهێشت و بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد، خاکی ئەمریکا بایەخێکی تایبەت و تازەی وەدەست هێنا و، ئەمریکا بوو بەو «سەرزەمینی بەڵێن دراو»(١)ە کە پێشتر لە کتێبی پیرۆزی **بەڵێنی نوێ**، واتە **ئینجیل**(٢)، ئاماژەی پێکرابوو. بەوتەیەکی دیکە، ئەمریکای سەدەگەلی هەڤدە تاکوو نۆزدە هەمان بەهەشتی پیرۆز بوو و، مرۆڤی دانیشتووی ئەو وڵاتەش هەمان ئادەمی بەر لە دەرکران لە بەهەشت و هاتنە سەر گۆی زەوی. وەها دیاردەیەک لە تیۆلۆژی و زانستی مرۆڤناسیدا بە «خەونی ئەمریکی»(٣) ناوزەد کراوە.

ئەوەتا ئەدەبی ئەمریکا لەم ماوەیەدا بەتەواوەتی واقیعی ژیان و مرۆڤی ئەمریکیی ئەو سەردەمە ئەنوێنێتەوە. لە ساڵەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانی، بەڵام، ئەم خەونە تێک شکێندرا(٤) و، ئەمریکای پاش شەڕ ئەو تایبەتمەندییەی خۆی دۆڕاند و، ڕاست بەپێچەوانەوە، ئەو خەون و جوانییە ئەمریکییە گۆڕدرا و، ئەمریکا بوو بەناوەندی پیشەسازی و سەرمایەداریی جیهان. ئەمریکا لەبەر دوو هۆی سەرەکی توانی کەلکی تەواو لە شەڕی یەکەمی جیهانی ببینێ: یەکەم ئەوەی کە درەنگ چووە نێو جەرگەی شەڕەوە، واتە ساڵی ١٩١٤ و ناوەڕاستی شەڕدا؛ دووەم ئەوەی کە بەهۆی دووربوونی سنوورەکانی ئەمریکا و ئەوروپا فڕۆکەکانی ئەو سەردەمە نەیاندەتوانی شارەکانی ئەمریکا بۆمباران بکەن؛ هەر بۆیە ڕاست لەو کاتەیدا کە شارە گەورە و کۆنەکانی ئەوروپا وێران و کاول دەکران، بیناسازی و برجسازی لە نیویۆرک، واشنتۆن و شیکاگۆ بەردەوام لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بوو. کەواتە، بازاڕی بورس و دراوەکانی نیویۆرک بوو بەناوەندی ئابووریی جیهان و، ئەمریکا بوو بەوڵاتێکی مادیگەرا، پیشەسازانە، سەرمایەداری و دنیایی. هەر بەم بۆنەشەوە

(1) “The Promised Land”
(2) New Testament, the Bible.
(3) American Dream.
(4) Shattered Dream.

هەندێ لە شاعیر و نووسەرە دیارەکانی ئەمریکای سەرەتای سەدەی بیستەم زێدیان بەجێهێشت و، بەپێچەوانەی باوباپیریان لە چوار سەدەی پێشوودا، ڕوویان لە ئەوروپا کرد. ئەم تاقمە شاعیر و نووسەرە کە توانای پەسەندکردنی ئەقڵیەتی بێ بەزە و نامرۆڤانەی زاڵی نێو وەها کۆمەڵگایەکی ئابووریی و پیشەسازانەیان نەبوو و خۆیان لەوێ دەرباز کرد بە «نەوەی ونبوو»(١) ناسراون. ئیلیۆت، پاوند، هەمینگوەی، شتەین، هلیدا دوولیتڵ و چەند شاعیر و نووسەرێکی بەنێوبانگی تر ئەندامانی ئەم نەوەیە پێک دێنن کە زۆرتر لە ڕۆم و پاریس و لەندەن گیرسانەوە. ئاسەواریی شیعریی «نەوەی ونبوو» کاریگەرێتییەکی بەرچاو و بەرفراوانی لە شیعری ئەمریکی و ئەوروپیدا دانا.

لە لایەکی ترەوە، ئەگەر مەبەست لە بەکارهێنانی زاراوەی «هاوچەرخ» ماوەی نێوان دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەم بێ، ئەوا لەم وتارەی بەردەستدا پێویستە خوێندنەوەی خێرای شیعری ئەمریکی لە دوا دەیەی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێبکرێ. لەوانەیە تەنیا شاعیری بەنێوبانگ و کاریگەری ئەمریکی لە دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئێدوین ئارلینگتۆن ڕابینسۆن(٢) بێ، ئەمەش لە کاتێکدایە کە لە هەمان قۆناخی مێژوویییدا شیعری ئینگلیزی لە بریتانیا تووشیاری قەیرانێکی ئەدەبی و فیکری بووبوو و، بەگشتی بەئەدەبی «لە ناوچوو»(٣) دەدرا.

ئاسەوارە شیعرییەکانی ڕابینسۆن، کە سەرومڕ پێکەوە لە بیست و شەش دیوانە شیعردا کۆبوونەتەوە، توانییان دیدێکی ورد و بەرفراوان لە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا بدەن بەدەستی خوێنەرەوە. ئەم دیدە بەرفراوانە جیهانبینی و ڕوانگە ئەدەبی و فیکرییەکانی ڕابینسۆن-ی لە خۆگرتووە کە

(1) Lost Generation.
(2) Edwin Arlington Robinson (1862-1935).
(3) Decadent.



ئاکاری وشکی پاکئاییینی و کەشوهەوای تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکا کاری لەسەر کردبوو.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەروەک وترا، چەند شاعیرێکی ئەمریکی خۆیان لەو هەلومەرجە سەرنجڕاکێشەی ئەمریکا دوورخستەوە و لە وڵاتە ئەوروپییەکان نیشتەجێ بوون. ئەگەرچی هەندێکیان تا دوارۆژی ژیانیان هەر نەگەڕانەوە بۆ زێدەکەی خۆیان (وەک ئیلیۆت)، بەڵام تاقمێکی تریان توانییان گۆڕانکارییەکی پتەو لە ئەدەب و تەنانەت ڕوانگە سیاسییەکانی خەڵکی ئەمریکا بەدی بێنن. ئیزرا پاوند یەکێ لەو نووسەرانە بوو کە، وەکوو نیشتمانپەرستێک، کۆتایی بەپێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەمریکا و خەڵکەکەی نەهێنا و، تەنانەت ئەوکاتەش لە ئیتالیا بوو لە ڕێگەی ڕادیۆوە بیروڕاکانی خۆی دەربارەی ئەمریکا و بەتایبەت هێمای نەتەوەیی ئەو وڵاتە، واتە تامس جێفرسۆن(١)،دەردەبڕی. لەپاڵ ئەمەشدا، لایەنگری لە بنەواشەی بایەخی کۆمەڵایەتی(٢) دەکرد و، بزاڤی «بنیاتنانەوە»ی ئەدەبی ئەمریکی ڕابەرایەتی دەکرد. لایەنی ئەوساوی و ڕەخنەگرانە و تەنانەت گاڵتە ئامێزی شیعرەکانی پاوند تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو بەرهەمانە پێک دێنن. جگە لەم شاعیرانە کە لە ئەمریکا نەبوون، تەنها شاعیری مەزن و ناسراوی ئەمریکی ئەم سەردەمە ڕابرت فراست-ە، کە بەیەکێ لە شاعیرە هەڵکەوتووەکانی ئەمریکا ئەژمێردرێ. فراست بەوردبینی و تێگەیشتی قووڵەوە توانی بەردی بناخەی چەشنە مەعریفەیەکی شاعیرانە لە ئەدەبی ئەمریکیدا بنیات بنێ و، لە شیعرەکانیدا ئەگەرچی بەچاوێکی خۆشەویستانە و جیاوازەوە ئەڕوانێتە ئەمریکا، بەڵام دەنگی مرۆڤدۆستانەی ئامادە لە هەمان بەرهەمدا یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی شیعری فراست پێک دێنێ. شیعری فراست تاڕادەیەک توانیویەتی پەنجە بخاتە سەر سەرجەم لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ

(1) Thomas Jefferson.
(2) Social credit.

و، سروشت دەوری هەرەگرنگی خۆی لەو شیعرەدا گێڕاوە، کە وەکوو وتەزایەکی شاراوە و بەربڵاو سەیرکراوە.

ئاسەوارە شیعرییەکانی واڵس ستیڤێنس بەنموونەی شیعریی ئەمریکا لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا دادەنرێ. ستیڤێنس، کە تا تەمەنی چل و چوار ساڵی قەت شیعرەکانی وەکوو کتێب بڵاونەکردەوە، لە ساڵی **١٩٢٣**دا کۆمەڵە شیعری **هارمۆنیۆم**[١]-ی خستە بەر دیدەی خوێنەران. ئەم کتێبە پێگەی ستیڤێنس-ی وەکوو شاعیرێکی بیرمەند و وردبین لە نەریتی شیعریی ئەمریکیدا مسۆگەر کرد. ستیڤێنس کەمتر بەشوێن نێوبانگدا دەگەڕا و، زیاتر بایەخی دەدا بەچۆنایەتی شیعرەکانی و بیرکردنەوە لە ژیان و توخمەکانی. شیعری واڵس ستیڤێنس فەلسەفەیەکی تایبەتی خستە سەر نەریتی ئەدەبیی ئەمریکی، کە تیایدا گرنگایەتی زۆری بە «ڕێکوپێکی»[٢] و «خەیاڵ»[٣] داوە؛ بەباوەڕی ستیڤێنس وزەی خەیاڵکردی مرۆڤ ئەتوانێ دەورێکی هەرە سەرەکی لە هەمبەر شێوە ژیانی میکانیکی سەردەمی مودێرن ببینێ و یارمەتیدەری دۆخی دەروونیی مرۆڤی مودێرن بێ[٤].

بارودۆخی خراپی ئابووری و پەرەسەندنی بزاڤی چەپگەرا و ڕادیکاڵەکان دوو تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمریکی سییەکان و چلەکانی سەدەی بیستەم پێک دێنن. جگە لەمەش، دەسەڵاتدارێتی سیناتۆر مەککارتی لە ماوەی نێوان ساڵانی **٥٣-١٩٤٩**دا[٥]، بەپێچەوانەوە، باڵی ڕاستی سیاسی خستە گەڕ و، ئەمەش بوو بەهۆی دوورکردنەوەی سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیرە چەپەکان لە گوتاری زاڵی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە. لەم ماوەیەدا سێ شاعیری ناسراوی ئەمریکا

(1) *Harmonium (1923).*
(2) Order.
(3) Imagination.
(4) بۆ نموونە، بڕوانە بۆ شیعری: Disillusionment at 10.
(5) Mac Chartyism.



بریتین لە: ئی. ئی. کەمینز، کارڵ سەندبێرگ و ویلیام کارلۆس ویلیامز. لە نێو ئەم سێ شاعیرەدا شیعری کەمینز بەمۆرکی تایبەتی خۆیەوە دیارە و بەگشتی شێوەیەک لە نێئۆ ڕۆمانتیسیزمی ئاڕاستەی ئەدەبی ئەمریکا کرد و توانی هەندێ تازەگەری لە فۆرمی شیعردا بخولقێنێ گۆڕێ. کارل سەندبێرگ، لەلایەکی ترەوە، زۆرتر گرنگی بەنەریتی ئەدەبی فۆلکلۆری ئەمریکی دەدا و، هەوڵی دەدا کەڵکی تەواو لە گۆرانی و شیعرە باوە فۆلکلۆریکەکان ببینێ، هەر بۆیە، سەندبێرگ لەم ماوەیەدا ڕواڵەتی شاعیرێکی نەتەوەیی و میللی لەخۆ گرت. بزووتنەوەی شیعریی «بابەتێتی گەری» کە لەسەر دەستی ویلیامز هاتە کایەوە، قوتابخانەیەکی شیعری دیکەی ئەم سەردەمە پێک دێنێ، کە تیایدا ویلیامز ئەیەویست لە وێنەخوازی و نەریتی شیعریی ئێزرا پاوند دوورکەوێتەوە و، زۆرتر بایەخ بەتوخمە ئامادەکانی نێو ژیانی مودێرن بدات. لەلایەکی ترەوە، هەر لەم ماوەیەدا، قوتابخانەی ڕەخنەیی «ڕەخنەی نوێ»[١] کە لە سەردەستی جان کرۆ رانسۆم و قوتابییەکانی بیچمی گرتبوو، توانی پاڵپشتێکی تیۆریک بۆ شیعری ئەمریکی دابمەزرێنێ، کە بەو پێیە فرەوێژی و دڕێژداوڕی و بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە کلیشەیی و فرەپاتەکان لە شیعردا بەرەوبڕ کراو، زیاتر تیشک خرایە سەر هەندێ تەکنیکی ئەدەبی لە شیعردا وەک دژواری[٢] و تەوس و[٣] تەنشت[٤].

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا سێ بزاڤی بەربەڵاوی شیعر لە ئەدەبی ئەمریکیدا دەست پێدەکات. یەکەم، شیعری ڕەشپێستان، کە زیاتر لە گەڕەکی هارلم-ی شاری نیویۆرک لە دایک بوو و پاشان بەنێو ڕەشپێستانی ئەمریکادا بڵاو بۆوە. ڕێبەری ئەم بزاڤە لەنگستۆن هیوز بوو،

(1) New Criticism.
(2) Paraodx.
(3) Irony.
(4) Tension.

کە نەک هەر بەشاعیرێکی ئەمریکی ئەناسرێ، بەڵکو وێنەی کەسایەتییەکی کۆمەلایەتی و سیاسی گرتە خۆی. هاوکات لەگەڵ ئەم بزاڤەدا، شیعری «نەوەی بیت»[١] توانی خوێنەرێکی زۆر بۆ خۆی بدۆزێتەوە. جیاوازیی شیعری بیت لەگەڵ بزاڤە شیعرییەکانی تری ئەمریکا لەمەدایە کە ئەندامانی ئەم شیعرە، وەک ئالێن گینزبێرگ[٢] و گەری شنایدێر[٣]، بەرەچەڵەک ئەمریکی نەبوون و، لە ئەوروپاوە ڕوویان لە ئەمریکا کردبوو. ناوەندی ئەم بزاڤە شاری لۆس ئانجلۆس لە ڕۆژئاوای ئەمریکا بوو و چەند شاکارێکی شیعریی بەرچاوی خولقاند. سێیەمین بزاڤی شیعری ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا «شیعری دانپیانان»[٤]ە، کە زۆرتر لە سەر دەستی سێ شاعیری بەرزەوە، واتە، رابرت لۆوێل[٥] تیئودۆر رۆتکی و سیلڤیا پلەت، پەرەی سەند.

لۆوێل، کە مامۆستای شیعری زانکۆی بۆستۆن بوو، توانی دەورێکی بەرچاو لە ئاکادیمیک کردنی ئەم شیعرەدا بگێڕێ و، لە لایەکی ترەوە، لە شیعرەکانیدا هەوڵی دەدا ئەزموونی منداڵی و لاوێتی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە و زۆرتر وەکوو «شاعیری ئەزموون»ی ژیان ناسراوە. سەرەڕای ئەو نموونانەی سەرەوە، پێویستە لە سیلڤیا پلەت-یش باس بکرێ کە نەک هەر شاعیری هەڵکەوتووی «شیعری دانپیانان» بوو، بەڵکوو بەگشتی بەیەکێ لە ژنە شاعیرەکانی گەورەی جیهان دادەنرێ.

شیعری ئەمریکی لەم سی ساڵەی دواییدا نەیتوانیوە بەو چەشنەی سەرەتای سەدەی بیستەم بێتە مەیدانەوە. رەنگە یەکێ لە هۆیەکانی وەها لاوازییەک کاریگەرێتیی زۆر و بەربلاوی رۆمانی ئەمریکی بێ کە وەکوو ژانرێکی چەسپیو توانیویەتی لەم سی ساڵەی دواییدا زۆربەی باس و

(1) Beat Generation.
(2) Allen Ginsberg (1935-99).
(3) Gary Snyder (1930- ).
(4) Confessional Poetry.
(5) Robert Lowell (1917-77).



خواسە ئەدەبییەکانی ئەمریکا بۆ خۆی تەرخان بکات. شیعری ئەمڕۆی ئەمریکا تا ڕادەیەک گەڕاوەتەوە بۆ واتا فرەپاتەکانی ئەدەبی فۆلکلۆریک و فۆرمەکەشی بەقووڵی لە ژێر کاریگەرێتیی بیرۆکە پۆست مۆدێرنیستییەکاندایە.

# ئێدوین ئارلینگتۆن ڕابینسۆن (١٨٦٩ -١٩٣٥)[١]

ئێدوین ئارلینگتۆن رابینسۆن یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی نەریتی ئەدەبیی ئەمریکی لە دواساڵەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. یەکەم دیوانە شیعری لە نیویۆرک و لە ساڵی **١٨٩٦**دا بەناونیشانی تۆفان و شەوی پێش[٢] بڵاوکردەوە و، پاش ساڵێک دووەم شیعری بەناوی منداڵەکانی شەو[٣] لەچاپ دا، کە سەرنجی خوێنەر و ڕەخنەگرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. «منداڵەکانی شەو» لە ڕستیدا ناونیشانی یەکەم شیعری ئەم کتێبەیە کە تیایدا تیشکی خستۆتە سەر ئەو خەڵکانەی هەرگیز ڕووناکییان بەچاوان نەدیتوە و، لەناو جەهل و نەزانین و بەرچاوتەنگیدا ژیان بەسەر ئەبەن. کتێبی **منداڵەکانی شەو** وەکوو کارنامەی ڕۆحی و ئەدەبیی ڕابینسۆن لە قەڵەم دەدرێ کە دەوری سەرەکی لە بزووتنەوەی ژیانی ئەدەبیی ئەمریکادا گێڕا. بەرهەمەکانی تری ڕابینسۆن بریتین لە: **کاپتن کریگ**[٤]، **مرۆڤی دژی ئاسمان**[٥] و بەرهەمێکی سێ بەشی کە لە ئەفسانەی ئارتورشا[٦] سرووشی وەرگرتووە و لەم کتێبانە پێکهاتووە: **مێرلین**[٧]، **لانسلێت**[٨] و **تریسترام**[٩].

بابەتی هەندێ لە شیعرەکانی ڕابینسۆن لە کتێبی پیرۆز، تەورات، وەرگیراوە و، تاقمێکی تر لە شیعرەکانی لە ژیانی سەردەمی نوێی ئەمریکا

(1) Edwin Arlington Robinson (1869-1935).
(2) *The Torrent and the Night Before*
(3) *The Children of the Night.*
(4) *Captain Crig.*
(5) *The Man Against the Sky.*
(6) *King Arthur.*
(7) *Merlin.*
(8) *Lancelot.*
(9) *Tristram.*



ئەکۆڵێتەوە، بەتایبەت ئەو ناوچەیە کە بە «نیو ئینگلەند» ناسراوە. ڕابینسۆن لە سەرتاسەری ژیانیدا لە ژێر کاریگەرێتی تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی جەماوەری ئەم شارەدا بوو و، لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا هەوڵی دەدا بارودۆخی ڕۆحی و باوەڕە جیاجیاکانیان بەوردی بخاتە بەر شیکار و هەڵسەنگاندن. لەپاڵ ئەمەشدا، بایەخێکی ئەوتۆی دەدا بەکێشە ناوەکی و دەروونییەکانی جەماوەری پاکئاینی ئەم شارە و، زۆرتر ئەیەویست دەوری ئایین و عیرفان لە ژیانی ئەو سەردەمەی ئەمریکادا ڕوون بکاتەوە. هەر بەم بۆنەشەوە، شوێن کات و کەسایەتیی شیعرەکانی زیاتر لەم ناوچەیەوە وەرگیراون. کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی ڕابینسۆن سەروم ڕ پێکەوە ئەگاتە بیست و شەش دیوانە شیعر و سێ جار خەڵاتی پولیتزێر-ی پێ بەخشراوە.

## ڕیچارد کۆری

که ڕیچارد کۆری ئەڕۆیشت بۆ ناو شار،
ئێمە خەڵکی قەراخی شەقام چاومان تێ ئەبڕی:
لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەر پیاوچاک و ماقووڵ بوو،
پاک و خاوێن، بەوێنەی پاشا خۆش قەد و باڵا.

بەردەوام خۆش پۆش بوو،
کە قسەیشی دەکرد، گفت و لفتی مرۆڤانە بوو؛
بەڵام کە ئەیوت «بەیانی باش»، دڵی ئەکەوتە لەرزە
کە دەیشکەوتە ڕێ، گەش گەش ئەدرەوشایەوە.

دەوڵەمەند بوو - وایە - لە پاشایش دەوڵەمەندتر بوو -
هەموو ئاکارەکانیشی لە خۆدا جوان پەروەردە کردبوو،
بەکورتی، پێمان وابوو ئەو هەموو شتێکە و
وای لێ کردبووین خۆزگەی پێ بخوازین.

ئێمەش بەردەوام کارمان دەکرد و چاوەڕوانی ڕووناکی بووین،
شەومان بەبێ گۆشت ئەدا بەدەستی ڕۆژەوە و تفمان لە نان ئەکرد،
ڕیچارد کۆریش لە هاوینە شەوێکی هێوردا
گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و فیشەکێکی نا بەمێشکی خۆیەوە.

## Richard Cory

Whenever Richard Cory went down town,
We people on the pavement Looked at him:
He was a gentleman from sole to crown,
Clean favored, and imperially slim.

And he was always quietly arrayed,
And he was always human when he talked;
But still he fluttered pulses when he siad,
“Good - morning,” and he glittered when he walked.

And he was rich - yes, richer than a king-
And admirably schooled in every grace:
In fine, we thought that he was everything
To make us wish that we were in his place.

So on we worked, and waited for the light,
And went without the meat, and cursed the bread,
And Richard Cory, one calm summer night,
Went home and put a bullet through his head.



# ڕابرت فراست (١٨٧٤-١٩٦٣)(١)

ڕابرت فراست ل ٢٦ی مارسی ١٨٧٤دا و لە شاری سان فرانسیسکۆ لە دایک بوو. باوکی بەڕێوەبەری خوێندنگە بوو و دایکیشی مامۆستا و بەڕەچەڵەک خەڵکی سکاتلەند بوو. کاتێ تەمەنی یازدە ساڵان بوو، مۆمی ژیانی باوکی کوژایەوە و، لەوە بەدوا دایکی، کە ژنێکی نیشتمانپەرست و ئایینی بوو، دەورێکی هەرە کاریگەری لە ژیانی کەسانی و ئەدەبیی ڕابرتدا گێڕا. یەکەم شیعری لە ساڵی ١٨٩٤دا و بەناونیشانی **«پەپوولەکەم»**(٢) بڵاوکرایەوە و، پاش ساڵێک ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئێلینۆر وایت(٣)دا دەسپێکرد. بەهۆی لاوازیی جەستەییەوە کۆتایی بەخوێندنی خۆی لە زانکۆی هارڤارددا هێنا و، ڕووی هێنایە کەشاوەرزی لە کێڵگەی دێری(٤)دا.

ساڵی ١٩١٢ هاوڕێ لەگەڵ بنەماڵەکەیدا چوو بۆ ئینگلتەرا و، لەوێ یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بەناوی **خواستی کوڕێک**(٥) لە چاپ دا، کە لە چەند شیعری لیریک پێک هاتبوو، هەروەهاش لە هەمان ساڵدا، **باکووری بۆستۆن**(٦)-ی بڵاوکردەوە کە هەندێ شیعری گێڕانەوەیی لە خۆ گرتبوو. لەم کاتە بەدواوە ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و ئەمەش کۆتاییەک بوو بۆ ئەو ژیانە پڕ لە هەژاری و نەدارییەی تاکوو ئەوکاتە بەسەری بردبوو. پاش گەڕانەوە بۆ ئەمریکا لە ساڵی ١٩١٥دا، دوو دیوانە شیعری دیکەی بەناوی **نیوهەمپشێر**(٧) و **هەڵبژاردەی شیعرەکان**(٨) بڵاوکردەوە کە کتێبی

(1) Robert Frost (1874-1963).
(2) My Butterfly.
(3) Elinor white.
(4) Derry Farm.
(5) *A Boy’s Will.*
(6) *North of Boston.*
(7) *New Hampshire.*
(8) *Selected Poems.*

یەکەم خەڵاتی پولیتزێری وەدەستهێنا. پاش ماوەیەکی کورت دووەمین و سێیەمین پاداشتی هەمان خەڵات بەخشرا بەدوو کتێبی دیکەی بەناونیشانی **کۆی بەرهەمە شیعرییەکان**(١) و **تاڵانی زۆرتر**(٢).

له ساڵی **١٩٣٧**دا و لەلایەن زانکۆی هارڤاردەوە پلەی دوکتۆرای فەخریی ئەدەبی پێشکەش کرا و، لە ساڵی **١٩٤٢**دا چوارەمین خەڵاتی پولیتزێری بۆ کۆمەڵە شیعری **درەختی شایەت**(٣) وەدەستهێنا و، لەلایەن چەند زانکۆیەکی ترەوە، وەک ئاکسفۆرد و کەمبریج، پلەی دوکتۆرای فەخریی ئەدەبی پێبەخشرا. ڕابرت فراست لە **٢٩**ی جانیوەریی ساڵی **١٩٦٣**دا کۆچی دوایی کرد.

شێواز و زمانی تایبەتی ڕابرت فراست پێگەیەکی بەرزی بۆ دیاری کردووە و، بەگشتی بەیەکێ لە شاعیرە هەڵکەوتووەکانی ئەدەبی ئەمریکیی سەدەی بیستەم دادەنرێ. فراست هەوڵی دەدا هاوکات کێش و سەروای کلاسیکی ئینگلیزی و شێوەی بەکارهێنانی زمان لە ناوچە جیاجیاکانی ئەمریکا و بەتایبەت لە نیو ئینگلەندا بەکاربێنێ. لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سروشتدا لەو ماوەیەی لە کێڵگەی دێریدا گیرسابۆوە کاریگەرێتییەکی زۆری لەسەر دانابوو. گرنگیدان بەسروشت و بەکارهێنانی هەندێ چەمک و توخمی پێوەندیدار بەسروشتەوە، وەک درەخت، شەو و ڕۆژ، جەنگەڵ و سەوزی و زەردی بەتایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعری فراست دێتە ئەژمار. سروشتی ئاماژە بۆ کراو لە بەرهەمەکانی فراستدا خاوەن وزەیەکی سەیر و سەمەرەیە کە هاوکات سرووشیشی لە خۆگرتووە و، ئەتوانێ لایەنە نادیارەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بخاتەڕوو. جگە لەمانەش، پێویستە بوترێ کە زۆرێک لە شاکارە شیعرییەکانی لە زمانی زانایەکی پێگەیشتوو و تێگەیشتووەوە ئەوترێتەوە

(1) *Collected Poems.*
(2) *A Further Range.*
(3) *Witness Tree.*



که لە سروشتدا ژیان ئەباتە سەر و، بەمیهرەبانییەکی واقیعبینانەوە سەیری ژیان ئەکات. فراست لە شیعرەکانیدا هەندێ جار زەینییەت و بابەتێتی تێکەڵی یەک دەکات و، بەواتەیەکی تر، لە دەلاقەی دۆخی ناوەکی و زەینی بێژەری شیعرەکەوە سەیری ڕوانگەی دەرەکیی سروشت ئەکات.

## ئاگر و سەهۆڵ

هەندێ ئەڵێن جیهان بەئاگرەوە دوایی دێ،
هەندێکیش ئەڵێن بەسەهۆڵەوە.
بەپێی ئەو ئاواتانەی پێی گەیشتووم
لەگەڵ ئەوانەیدام کە ئاگریان پێ خۆشە.
بەڵام ئەگەر ئەکرا جیهان دووجار لەناوبچێ،
پێم وایە هێندە ئاشنای نەفرەتم،
ئەڵێم بۆ وێرانی سەهۆڵیش زۆر باشە و
هەر خۆیشی بەسە

## Fire & Ice

Some say the world will end in fire,
Some say in ice.
From what I’ve tasted desire
I hold with those who favor fire.
But if it had to perish twice,
I think I know enough of hate
To say that for destruction ice
Is also great
And would suffice.

## ئەو ڕێگایەی نەمپێوا

له جەنگەڵێکی زەردا گەیشتمە دوو ڕێیانێک،
بەداخەوە نەمدەتوانی بەهەردوو ڕێدا بڕۆم و
ڕێبواری هەردوو لابم، ماوەیەک وەستام و
تا چاوبڕی ئەکرد هەردووکیانم سەیرکرد
تا لەناو دەوەنەکاندا ون بوو؛

پاشان ئەوی تریانم گرتەبەر، ئەمەشیان وەک ئەو جوان بوو،
ڕەنگە ئەمەیانم بەلاوە باشتر بووبێ،
ئاخر سەوزتر بوو و داوای هەنگاوی ئەکرد؛
گەرچی پێی ڕێبواران هەردووکیانی
وەک یەک شڕ کردبوو.

ئەو بەیانییەش هەردوو ڕێ گەڵاپووش بوون و
هێشتا هیچ هەنگاوێ ئاڵۆزی نەکردبوون.
ئای! یەکەم ڕێگام دانا بۆ ڕۆژێکی تر،
هەرچەندەش دەمزانی هەر ڕێگایەک ڕێگایەکی تری بەدواوەیە،
دڵنیا نەبووم کە ئاخۆ ئەتوانم بگەڕێمەوە.

سەردەمێکی تر لە شوێنێکی تردا
بەحەسرەتەوە ئەیڵێمەوە:
له جەنگەڵێکدا گەیشتمە دوو ڕێیانێک و، منیش
ئەوەیانم هەڵبژارد کەمتر کەسێکی پێدا ڕۆیشتبوو؛
ئەمەش سەرەتای هەموو جیاوازییەکان بوو.



## The Road Not Taken

Tow roads diverged in a yellow wood,
And sorry I could not travel both
And be one traveler, long I stood
And looked down one as far as I could
To where it bent in the undergrowth;

Then took the other, as just as fair,
And having perhaps the getter claim,
Because it was grassy and wanted wear;
Though for that the passing there
Had worn them really the same.

And both that morning equally lay
In leaves no step had trodden black.
Oh, I kept the first for another day!
Yet knowing how way leads on to way,
I doubted if I should ever come back.

I Shall be telling with a sigh
Somewhere ages and ages hence:
Tow roads diverged in wood, and I.
I took the one less traveled by,
And that has all the difference.

## ئێوارەیەکی بەفری لەپاڵ جەنگەڵێکدا

پێم وایە دەزانم ئەم جەنگەڵە هی کێیە.
ئەگەرچیماڵی لە لادێیە؛
هەر نابینێ کە لێرە وەستاوم و
سەیری ئەو جەنگەڵە دەکەم کە بەفر دایپۆشیوە.

ئەسپی نازەنینم ڕەنگە پێی سەیربێ
کە لە ئاوەها شوێنێکی دوور و بێ کەوێڵدا لام داوە،
لەنێوان جەنگەڵ و زەریاچەی سەهۆڵ بەستوودا،
لە تاریکترین شەوەزەنگی ساڵدا.

زەنگۆڵەی هەوسارەکەی ئەلەرێنێتەوە
نەکا هەڵەیەک ڕووی دابێت؛
هیچ دەنگێ نایەتە گوێ،
جگە لە شنەی نەرمی با و ترپەی کلووە بەفر.

جەنگەڵ دلڕفێنە، تاریک و قووڵە،
بەڵام من گەلێک بەڵێنم داوە و ئەبێ بەجێیان بێنم،
ڕێگایەکی دوور و درێژم لەبەرە پێش ئەوەی بنووم،
ڕێگایەکی دوور و درێژم لەبەرە پێش ئەوەی بنووم.

## Stopping by Woods On a Snowy Evening

Whose Woods these are I think I know.
His house is in the village though;
He will not see me stopping here
To watch his woods fill up with snow.



My little hourse must think it queer
To stop without a farmhouse near
Between the woods and frozen lake
The darkest evening of the year.

He gives his harness bells a shake
To ask if there is some mistake.
The only other sound’s the sweep
Of easy wind and downy flake.

The woods are lovely, dark and deep,
But I have promises to keep,
And miles to go before I sleep,
And miles to go before I sleep.

# کارڵ سەندبێرگ (١٨٧٨-١٩٦٧)[1]

کارڵ سەندبێرگ کوڕی کۆچەرێکی سویدیی دانیشتووی شیکاگۆ بوو. لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٥، وەکوو یەکێ لە ناسراوترین شاعیرەکانی ئەمریکا ناوی لێ ئەبرا و، جەماوەرێکی زۆری خەڵکی ئەمریکا شیعرەکانیان دەخوێندەوە. بابەتی گشتگیر و سەرەکیی زۆربەی شیعرەکانی هەمان جەماوەری ئاساییە کە بەوشەبژێرییەکی ساکار و دێڕی بڵند و کێشی نارێکوپێکەوە ئاڕاستەی هەمان جەماوەری دەکرد. لە تافی لاوێتیدا زۆرتر خەریکی گەشتوگوزار و هەندێ کاری نابەردەوام وەکوو ڕۆژنامەنووسی و کاروباری سیاسی بوو. کاتێ هەڵبەستی «**شیکاگۆ**»[2] بڵاوکرایەوە، ناوبانگێکی زۆر و بەرفراوانی بۆ سەندبێرگ وەدیهێنا. شاری شیکاگۆ، پاش بەڕێوەچوونی پێشانگای جیهانیی ساڵی **١٨٩٣**، بوو بەناوەندی چالاکییە جۆراوجۆرە هونەری و ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەی ئەمریکا و، هونەرمەندان وای بۆ دەچوون کە شیکاگۆ پێویستە ببێ بەناوەندی کولتووریی ئەمریکا. لە وەها کەشوهەوایەکدا، هەڵبەستی پڕ لە ستایشی «شیکاگۆ» خێرا دەنگی دایەوە و لە سەرانسەری وڵاتدا بڵاوکرایەوە. دوایی، سەندبێرگ چەند دیوانە شیعرێکی دیکەی بەناونیشانی **شیعرەکانی شیکاگۆ**[3] و **دووکەڵ و پۆڵا**[4] لە چاپ دا و، لەم بەرهەمانەیدا بەردەوام هەوڵی دەدا وێنەیەکی ورد و نیشتمانپەرستانە لە وڵاتی بەرین و بەربڵاوی ئەمریکا و بەتایبەت شارەکانی ڕۆژئاوای ناوەڕاستی ئەو وڵاتە بخاتە بەرچاوی خوێنەران.

سەندبێرگ، بەوێنەی واڵت ویتمەن[5]، بایەخی زۆری دەدا بەژیانی

(1) Carl Sandburg (1878-1967).
(2) Chicago.
(3) *Chicago's Poems.*
(4) *Smoke and Steel.*
(5) Walt Whitman (1812-1892).



کرێکاران و کۆچەرانی دانیشتووی شار. هەروەهاش، بەپەرۆشەوە ڕووداو و وێنە دڵڕفێنەکانی تۆمار دەکرد و ئەم بابەتانەی لە شیعرە وەسفی و بەهەستەکانیدا و لە ڕێگەی بەکارهێنانی دێڕە بڵند و بێ کێشەکانەوە ئەخستە بەر دیدەی خوێنەرانی. پێویستە ئاماژەش بەو خاڵە بکرێ کە دروشمی سەندبێرگ بریتی بوو لە «شیعری ساکار بۆ جەماوەری ساکار» و، هەر بۆیەش ناوی «**جەماوەری، بەڵێ**»[1]ی لە گەورەترین بەرهەمی شیعریی خۆی نا. سەندبێرگ خاوەن چەندین توێژینەوەی بەپیتە لە مەڕ گۆرانییە فۆلکلۆریکەکانی ئەمریکا و، لە کەلتووری جەماوەری و ناوچەیی ئەو وڵاتەی کۆڵیوەتەوە. ژیاننامەیەکی چەند بەرگیشیی دەربارەی ئابراهام لینکۆلن[2] نووسی کە تیایدا هەوڵی داوە وێنەیەکی باش لە پاڵەوانی نەتەوەیی ڕاستەقینەی ئەمریکا و ئاکارە مرۆڤ دۆستانەکەی بدات بەدەستەوە.

## ئەستێرەکان، گۆرانییەکان، ڕوومەتەکان

ئەستێرەکان کۆکەوە، ئەگەر پێت خۆشە،
گۆرانییەکان کۆکەوە و هەڵیانگرە،
ڕوومەتی چی ژنە کۆی کەوە.
کۆیان کەوە و ساڵەهای ساڵ هەڵیانگرە.
پاشان...

دەستەکانت بکەوە با بڕۆن و ماڵئاوایی بکەن؛
بهێڵە با ئەستێرەکان و گۆرانییەکان بڕۆن،
بهێڵە با ڕوومەتەکان و ساڵەکان بڕۆن،
دەستەکانت ئاوەڵاکە و بڵێ ماڵئاوا.

(1) *The people, Yes.*
(2) Abraham Lincoln.

## تەم

تەم دێت
بەقاچی پشیلەیەکی گچکەوە.

لەو سەرە دائەنیشێ و
بەگومانێکی بێ دەنگەوە،
سەیری بەندەر و شار ئەکات
پاشان ئەڕوا.

## Stras, Songs, Faces

Gather the stars, if you want,
Gather the songs and keep them,
Gather the faces of women,
Gather long years for yourself,
Then...

Open your hand, let go, say goodbye;
Let the stars and songs go,
Let the years and faces go,
Open your hand and say goodbye.

## Fog

The fog comes
On little cat feet.



It sits looking
Over harbor and city
On silent haunches
And then moves on.

## یەکئاهەنگی

ئەکئاهەنگیی باران جوانە،
هەڵکشانی لەناکاو و داکشانی لەسەرخۆی
ئەم بارانە بەخوڕ و بێ بڕانەوە جوانە.
هەتاوی سەر تەپۆڵکە جوانە،
تیشکی زەریاش لە ئێوارەیەکی کەلەبچەکراودا
کە تریفەپۆشی ئاگر و زێڕە.
ئەو ڕۆخسارەی کە دەیناسم،
ئاگر و ئاڵتوونی ئاسمان و زەریا،
ئاسوودەیی بارانی گەرم و درێژخایەنیش،
هەر هەموویان جوانن.

## Monotone

The monotone of the rain is beautiful,
And the sudden rise and slow relapse
Of the long multitudinous rain.
The sun on the hills is beautiful,
Or a captured sunset sea - flung,
Bannered with fire and gold.
A face I know is beautiful--
With fire and gold of sky and sea,
And the peasce of long warm rain.

## بێ سەر و شوێن

لەم شارۆچکەی ئێمەدا هەموو کەسێ چیک لۆریمری خۆش ئەویست.
لەو دوورانەشەوە
    هەمووان خۆشیان دەویست.
هەموومان ئەو کچە وەحشییەمان خۆش ئەویست
    کە پێبەندی خەون و ئاواتەکانی خۆی بوو.
ئێستا کەس نازانێ چیک لۆریمر بۆ کوێ ڕۆیشت.
کەس نازانێ بۆچی جانتاکەی هەڵگرت و برێ کەلوپەلی کۆنی برد و
چوو.
    بێ سەر و شوێن چوو
    بەنەخشی چناکە بچووکەکەیەوە
    قژی نەرمیشی لەژێر سەرپۆشێکی گەورەوە
    پەرێشان و ئەشنێتەوە،
سەماکەر و سترانبێژ بوو، عاشقێکی پڕ شۆری دەم بەپێکەنین
ئاخۆ ڕاوچییەکانی چیک دە کەس بوون یان سەدان؟
ئاخۆ دڵ بریندارانی چیک پێنج کەس بوون یان پەنجا ؟
    هەموو کەسێ چیک لۆریمری خۆش ئەویست.
کەس نازانێ بەرەو کوێ سەری خۆی هەڵگرت.

## Gone

Everybody loved Chick Lorimer in our town.
Far off
    Everybady loved her.
So we all love a wild keeping a hold
    On a dream she wants.
Nobody knows now wbere Chick Lorimer went.



Nobody knows why she packed her trunk... a few old things
And is gone,
    Gone with her little chin
    Thrust a head of her
    And her soft hair blowing careless
    From under a wide hat,
Dancer, singer, a laughing passionate lover.
Were there ten men or ahundred hunting Chick?
Were there five men or fifty with aching hearts?
    Everybody loved Chick Lorimer.
Nobody knows where she's gone.

# واڵس ستیڤێنس (١٨٧٩-١٩٥٥)[١]

واڵس ستیڤێنس، شاعیری مەزنی ئەمریکی، لە دووەمی ئۆکتۆبەری ساڵی **١٨٧٩** هاتە دنیاوە. پاش ئەوەی زانستی یاسای لە زانکۆی هارڤارد خوێند، چوو بۆ زانکۆی نیویۆرک و ساڵی ١٩٠٤ وەکو یاساناسێکی کارناس و پسپۆر بەئەندامێتی ئەنجوومەنی وەکیلان پەسەند کرا. دوای ماوەیەک، لە کۆمپانیای بیمەدا دەستی کرد بەکارکردن و، لە ساڵی **١٩٣٤**دا بوو بەجێگری سەرۆکی کۆمپانیاکە و، تا کاتی خانەنشینی خەریکی هەمان کاربوو. ئەگەرچی هەتا ساڵی **١٩٢٣**، واتە تا تەمەنی چل و چوار ساڵی، هیچ کتێبێکی بڵاونەکردەوە، بەڵام لە کاتی بڵاوبوونەوەی یەکەم دیوانە شیعری بەناوی **هارمۆنیۆم**[٢] خێرا ناوبانگێکی زۆری دەرکرد و، بوو بەیەکێ لە دەنگە هەرە بەرز و تایبەتەکانی ئەدەبی ئەمریکی... هەمان کتێبی لە ساڵی **١٩٣١**دا خستە بەر پێداچوونەوە و خوێندنەوەی سەرلەنوێ و، ئەمجارە بەکاریگەرێتی زۆرترەوە لە شیعری هێماخوازانەی فەڕەنسی دەستی کرد بەدانانی شیعر. پاشان چەند کۆمەڵە شیعرێکی تری وەک **بڕواکانی ڕێکوپێکی**[٣] و **بەشەکانی جیهانێک**[٤] بڵاوکردەوە کە تیایاندا پێوەندیی دوولایەنەی نێوان پاژە بابەتییانەکان وەدیارکەوتووە. هەروەهاش، هەوڵی دا ڕێکوپێکییەکی شاعیرانە لە ڕێگەی هەست و وزەی خەیاڵی خوێنەرەوە بخوڵقێنێ. ستیڤێنس بۆ ماوەی دوازدە ساڵ هیچ بەرهەمێکی دیکەی لە چاپ نەدا و، لە ساڵی **١٩٣٥**دا یەکێ لە بەرهەمە هەڵکەوتووەکانی خۆی بەناوی **پیاوێک بەگیتاری شینەوە**[٥] خستە بەر

(1) Wallace Stevens (1879-1955).
(2) *Harmonium.*
(3) *Ideas of Order.*
(4) *parts of World.*
(5) *Man with the Blue Guitar.*



دیدەی خوێنەران.

ستیڤێنس لەو چەشنە شاعیرانەیە کە بەوردبینییەکی سەیرەوە شیعری ئەهۆنیەوە و، چۆنایەتیی شیعرەکانی بەلاوە لە چەندایەتییان گرنگتر و بایەخدارتر بوو. شیعری ستیڤێنس خۆش ئاهەنگە و، هەڵگری کێشێکی ڕێکوپێکە. لە شێوازی دژواری شیعریی ستیڤێنسدا، وشەکان هاوکات خاوەن مانای قاموسی و واتای پاڵەکین. بن واتا و مۆتیفی شیعرەکانی زۆرتر لە هەندێ ئەندێشەی چاک دارێژراو پێکهاتوون کە لەسەر نەزم و ڕێکوپێکی ناوەکیی سروشت و جیهان بنیات نراون. بەباوەڕی ستیڤێنس، یەکێ لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە ئەم نەزم و ڕێکوپێکییە ناوەکییە هەست پێبکات. کەواتە، شیعری ستیڤێنس فەلسەفەیەکی تایبەتی شاعیرانەی لەخۆ گرتووە کە هاوکات وەکوو داهێنانێکی کەم وێنەش دێتە ئەژمار.

## سێزدە نیگا بۆ باڵندەیەکی ڕەش

١

لە نێو بیست کێوی بەفر ئاژندا،
تەنیا چاوی باڵندەی ڕەش بوو
کە ئەجووڵایەوە.

٢

تووشی سێ گومان بووبووم،
بەوێنەی درەختێک
کە سێ باڵندەی ڕەشی لێ نیشتبێتەوە.

٣

باڵندەی ڕەش بەدەم بای پاییزەوە ئەخولایەوە،
وەک بڵێی بەشێکی بچووکی پانتۆمایێک بێت.

٤

ژن و پیاو
هەر یەکێکن.
ئێستاش ژن و پیاو و باڵندەش
هەر یەکێکن.

## Thirteen Ways Of Looking At A Blackbird

1

Among twenty snowy mountains,
The only moving thing
Was the eye of the blackbird.

2

I was of three minds,
Like a tree
In whick there are three blackbirds.

3

The blackbird whirled in the autumn winds,
It was a small part of the pantomime.

4

A man and a woman
Are one
A man and a woman and a blackbird
Are one.



٥

نازانم کامیان پەسەندکەم.
جوانیی پیتەکان،
یان جوانیی مانا شاراوەکان،
فیکەی باڵندەی ڕەش
یان پاش ئەوە.

٦

چلوورە بەشووشەی وەحشییەوە
پەنجەرەی بەرینی داپۆشیوە.
سێبەری باڵندەیەکی ڕەش بەبەر پەنجەرەوە دەهات و دەچوو
ئەم دۆخە
لە سێبەرەکەدا
هۆیەکی نادیاری بەجێهێشت.

٧

ئەی مرۆڤە لاوازەکانی هادام،(١)
بۆچی تەنها خەوی باڵندە زێڕینەکان ئەبینن؟
ئەی نابینن باڵندەی ڕەش چلۆن
بەنێو قاچ و قولی ژنانی دەوروبەرتاندا
پیاسە ئەکا؟

5

I do not know which to prefer.
The beauty of inflections
Or the beauty of innuendoes,
The blackbird whistling
Or just after.

(1) Haddam.

6

Icicles filled the long window
With barbaric glass.
The shadow of the blackbird
Crossed it, to and fro.
The mood
Traced in the shadow
An indecipherable cause.

7

O thin men of Haddam,
Why do you imagine golden birds?
Do you not see how the blackbird
Walks around the feet
of the women about you?

٨

من پەیڤینی ماقوولانە و
کێش و سەروای نەرم و ڕەوان ئەزانم؛
بەڵام؛ ئەشزانم
باڵندەی ڕەش گیرۆدەی ئەوەیە
کە من ئەیزانم.

٩

کە باڵندەی ڕەش لەچاو ون ئەبێ.
جێ پەنجەی خۆی بەلێواری
بازنەیەکەوە جێدێڵێ لەو هەموو بازنەیە.

١٠

لە چاوی ئەو باڵندە ڕەشانەوە،



کە لە تیشکی سەوزدا ئەفڕن
تەنانەت دەنگی خۆش نەوایش
زریکەیەکی بەرزە.

8

I know noble accents
And lucid , inescapable rhythms;
But I know, too
That the blackbird is involved
In what I know.

9

When the blackbird flew out of sight,
It marked the edge
Of one of many circles.

10

At the sight of blackbirds,
Flying in a green light,
Even the bawds of euphony
Would cry out sharply.

١١

بەکالیسکەیەکی شووشەییەوە
بەکانیکتیکوت(١) تێدەپەڕی.
جارێکیان ترس دایگرت،
چونکا سێبەری کەلوپەلەکەی
بەباڵندەی ڕەش دەهاتە بەرچاو.

(1) Connecticut.

١٢

ڕووبار خوڕەی دێ.
باڵندەی ڕەش دەبێ لە فڕیندا بێ.

١٣

ئەو پاش نیوەڕۆیە لە تاو بەفر
چاو چاوی نەئەدی و
هەر دەشباری.
باڵندەی ڕەش
بە لقوپۆپی دار سێوێکەوە نیشتەوە.

11

He rode over Connecticut
In a glass coach.
Once, a fear pierced him,
In that he mistook
The shadow of his equipage.
For blackbirds.

12

The river is moving.
The blackbird must be flying.

13

It was evening all afternoon
It was snowing
And it was going to snow.
The blackbird sat
In the cedar-limbs.



# ویلیام کارلۆس ویلیامز (١٩٦٣- ١٨٨٣)[١]

ویلیام کارلۆس ویلیامز، شاعیر و ڕۆماننووسی ئەمریکی، ساڵی ١٨٨٣ لە شاری ڕاترفۆرد[٢]ی ویلایەتی نیوجێرسی لە دایک بوو. سەرەتا وەکو خوێندکاری بەشی پزیشکیی زانکۆی پێنسیلڤانیا[٣] دەستی کرد بەخوێندن و، هەر لەم شارەدا بوو کە لەگەڵ ئیزرا پاوند و هیلدا دوولیتڵ[٤] دۆستایەتییەکی پتەوی دامەزراند. پاش دەرچوون لە زانکۆ لە ساڵی ١٩١٠، گەڕایەوە بۆ زێدەکەی خۆی و لەوێ سەرتاسەری ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ پزیشکی و ئەدەب. یەکەم دیوانە شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٠٩دا و بەپارەی خۆیەوە لە چاپ دا و، لەگەڵ گۆڤارەکانی گروپی ئیماژیست[٥] هاوکاریی دەکرد، بەڵام بەهۆی پیشەی پزیشکییەوە بەشدارییەکی چالاکانەی لە بزاڤە ئەدەبی و شۆڕشە ئاڵۆزە ڕۆشنبیرییەکانی ئەو سەردەمەی ئەمریکا نەدەکرد. پاش گەڕانەوە لە سەفەرێکی ئەوروپی، دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعرییەکانی کە بریتی بوون لە: **کۆی بەرهەمە شیعرییەکان** (١٩٣٨)[٦]، **کۆی شیعرە سەرەتاییەکان** (١٩٥٠)[٧] و **کۆی شیعرە دواییەکان** (١٩٥١)[٨].

بەبڕوای ویلیامز، پێویستە جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان شیعری ئەمریکی و شیعری ئینگلتەرادا هەست پێ بکرێ و، ئەم جیاوازییە پێویستە لە چەشنی بەکارهێنانی زمان و تەنانەت ژینگە و شوێنکاتی

(1) William Carlos Williams (1883-1963).
(2) Rutherford.
(3) Penn Sylvania.
(4) Hilda Doolittle.
(5) Imagists.
(6) *The Complete Collected poems (1938).*
(7) *The Collected Earlier Poems (1950).*
(8) *The Collected Later Poems (1951).*

شیعرەکەشدا خۆی وەدەرخات. هەر بۆیە، بەرهەمێکی شاعیرانەی مەزنی بەناونیشانی پاتێرسۆن[١] خولقاند کە لە پێنج بەرگ پێک هاتووە. جگە لەم بەرهەمە شیعرییانە، ویلیامز خاوەنی چەندین ڕۆمان و شانۆنامەشە، کە زۆرتر پێوەندییان بەئەزموونی پزیشکیی نووسەرەوە لە ناوچە جیاجیاکاندا هەیە. هەندێ لەم بەرهەمانە بریتین لە: **ڕۆمانی مەزنی ئەمریکی** (١٩٢٣)[٢]، **سەفەرێک بۆ پاگانی** (١٩٢٣)[٣] و شانۆنامەیەک بەناوی **خەونی ئەوین**[٤].

ئەگەرچی ویلیامز سەرەتا هاوسۆزیی زۆری لەگەڵ نەریتی ئەدەبیی وێنەخوازانەی پاونددا هەبوو، بەڵام پەیتا پەیتا لەم شێوازە دوورکەوتەوە. هەڵبەت ئەبی ئاماژەش بەوە بکرێ کە شوێن پەنجەی ئەم کاریگەرێتییە لە بەرهەمە شیعرییە دواییەکانیشیدا هەر بەسانایی وە دیارکەوتووە؛ بۆ نموونە، بنەواشەی «بابەتێتی»[٥] نەک هەر لە شیعری ویلیامزدا گەشەی سەند، بەڵکوو تەنانەت چەشنە شێوازێکی شاعیرانەی بەربڵاویشی لە شیعری ئەمریکیی سییەکاندا بەدی هێنا. ویلیامز چاوپۆشی لە یاسا و ڕێساکانی کێشی کلاسیکی شیعری ئینگلتەرا دەکرد و هەوڵی دەدا کێشێکی خۆماڵی لەسەر بناخەی شێوە ئاخاوتنی خەڵک بنیات بنێ. ئەگەرچی لە یەکەم قۆناخەکانی ژیانی شاعیریدا لە ژێر کارتێکردنی ئێزرا پاونددا بوو، بەڵام قەت شێوازی تەوساوی و فێرکارانەی ئەوی بەکار نەدەهێنا و، تەنیا دەربارەی شتە بەرهەست و بابەتە بینراوەکان شیعری ئەهۆنییەوە.

(1) Paterson (1946).
(2) The Great Amerecan Novel (1923).
(3) A Voyage to Pagany (1923).
(4) A Dream of Love (1948).
(5) Objectivity.



## ئەبێ بڵێم

ئەو هەڵووژانەی
کە لە نێو
سەهۆڵدانەکەدا بوون
من خواردنم

ئەوانەی
ڕەنگە
بۆ چاشت
هەڵتگرتبێ

بمبوورە
زۆر بەلەزەت بوون
زۆر شیرین و
زۆریش فێنک

## This is Just to Say

I have eaten
The plums
That were in
The icebox
And which
You were propably
Saving
For breakfast

Forgive me
They were delicious
So sweet
And so cold

## حەسرەتی بێوەژن لە بەهاردا

حەوشی ماڵەکەم خەمە
لەوێ چیمەنی نەورەس
ئەدرەوشێتەوە
هەروەک جاری جاران
بەڵام نەک بەو ئاگرە ساردەوە
کە ئەمساڵ گەمارۆی داوم.
سی و پێنج ساڵ
لەگەڵ مێردەکەم ژیام.
ئەمڕۆ دار قەیسی سپی پۆشی باوش باوەش گوڵە.
گوڵ لقوپۆپی دار باڵاڵووکیان تەنیوە و
بڕێ لە بۆتەکان ئەکەن بەسوور و بڕێکیان بەزەرد.
بەڵام خەمی دڵم
لەوان بەهێزترە
ئاخر ئەگەرچی دوێنێ دڵخۆشیی من بوون،
ئەمڕۆ سەیریان ئەکەم، ئاوڕێک ئەدەمەوە و فەرامۆشیان ئەکەم.
ئەمڕۆ کوڕەکەم ئەیگوت

## The Widow’s Lament In Springtime

Sorrow is my own yard
Where the new grass
Flames as it has flamed
Often befor but not
With the cold fire
That closes round me this year.
Thirty five years



I lived with my husband.
The plumtree is white today
With masses of flowers.
Masses of flowers.
Load the cherry branches
And color some bushes
Yellow and some red
But the grief in my heart
Is stronger than they
For though they were my joy
Formerly, today I notice them
and turned away forgetting.
Today my son told me
that in the meadows,

لە نێو مێرگەزاری تەنیشت جەنگەڵە چڕەکەدا
لەو دوورە دەستەدا
داری سپی گوڵی بینیوە.
هەست ئەکەم پێم خۆشە بڕۆم بۆ ئەوێ و
خۆم بخەمە نێو ئەو گوڵانە و
لە زەلکاوی تەنیشتیاندا خۆم بخنکێنم.

at the edge of the heavy woods
in the distance, he saw
trees of white flowers.
I feel that I would like
to go there
and fall into those flowers
and sink into the marsh near them.

# ئێزرا پاوند (١٨٨٥-١٩٧٢)[١]

ئێـزرا پاوند لە ٣٠ی ئوکـتـۆبەری سـاڵی ١٨٨٥ و لە شـاری هیلی - ئایداهووی - ئەمریکا لە دایک بوو. سەرەتا لە زانکۆی پێنسیلڤانیا و پاشان لە کۆلیژی هەمیلتۆن دەستی کرد بەخوێندن لە بەشی زمانە کلاسیکەکاندا (واتە، یۆنانیی کۆن و لاتین). ساڵی ١٩٠٦ بڕوانامەی ماستێری پێبەخشرا و، بەمەبەستی خوێندنی ئەدەبی ڕۆنیسانس گەڕایەوە بۆ زانکۆی پێنسیلڤانیا. پاش تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە زانکۆ زمانگەلی ئەڵمانی، سپانی، چینی، یۆنانی و لاتین و ئینگلیزی کۆنی بەباشی دەزانی و، دوای ماوەیەکی کورت پلەی پرۆفیسۆریی زمانە کلاسیکەکانی لەلایەن کۆلیژی هەمیلتۆن-ەوە پێبەخشرا. پاوند خاوەن کەسایەتییەکی دیار و دەگمەن بوو و، زۆرێک لە وتارەکانی لە گۆڤارەکانی نیویۆرک و لەندەن و پاریس بەردەوام بڵاو دەکرایەوە. پاوند یەکێ لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی وێنەخوازی یان ئیماژیزم بوو و، جگە لەم بزاڤەش، بنیاتنەر و گەشەپێدەری جیهانێکی مەزنی ئەدەبی بوو، کە تیایدا بەردەوام هەوڵی دەدا بنەواشە و یاسا و ڕێساکانی نەریتی کۆن و کلاسیک تێکەڵی داهێنانی تاکە کەسیی خۆی بکات. لەلایەکی ترەوە، پێوەندیی ڕاستەوخۆ و خۆشەویستانەی پاوند لەگەڵ چەند شاعیر و نووسەرێ وەک هێمینگوەی، ئیلیۆت، یەتیس، فراست، لاورێنس و جۆیس چەشنە مۆدێرنیزمێکی بەربڵاو و دژسان و لە هەمان کاتدا یەکگرتووی ساز کردبوو. هەندێ لە بەرهەمەکانی بریتین لە: **دیوانی شیعر** (١٩١٧)[٢]، **کانتۆکان** (١٩٤٨)[٣] **کەمتەرخەمییەکان** (١٩٢٣)[٤]، **وتارە**

(1) Ezra Pound (1885-1972).
(2) A Magazine of Verse (1917).
(3) *Cantos (1948).*
(4) *Indiscretions (1923).*



**ئەدەبییەکان** (١٩٥٤)[١] و **شاعیر وەکوو پەیکەرساز** (١٩٦٣)[٢].

لەوانەیە بەکارهێنانی ئاوەڵناوی «کاریگەرترین شاعیری ئەمریکی سەدەی بیستەم» تەنیا بۆ ئێزرا پاوند ڕاست بێ، چونکە **«بنیاتنانەوە»**[٣]یەکی لە ژیانی ئەدەبی ئەمریکادا هێنایە گۆڕێ کە تیایدا سەرنجی تایبەتی دەدا بەنەریتی کلاسیکی و ڕۆنیسانسی، شان بەشانی داهێنانی تاکەکەسی. بەرهەمە شیعرییەکانی پاوند، کە زۆرتر هەڵگری زمانێکی تەوساوی و تەنانەت گاڵتە ئامێزن، دەوری سەرەکییەکان لە دژوارکردنەوەی شیعری مۆدێرنیستیدا گێڕا. وتار و لێدوانە ڕەخنەییەکانیشی توانیان بیری بەرابەریخوازی و مرۆڤ دۆستانەی پاوند ئاراستەی خوێنەر بکەن. ئەگەرچی هەندێ لە لایەنگرییە سیاسییەکانی پاوند ڕەنگە سەیر بنوێنێ، بەتایبەت ئەوانەی سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی، بەڵام «مرۆڤدۆستی»ی ئامادە لە یاداشت و نامە و بەرنامە ڕادیۆییەکاندا و هەروەهاش هاودڵیی مرۆڤانەی بۆ زۆرێک لە ئەدیب و هونەرمەندە هاوچەرخەکانی پلەیەکی بەرزی ئەدەبی و مرۆڤدۆستانەیان بۆ پاوند دەستەبەر کردووە.

## پەیمان

لەگەڵت پەیمانێک ئەبەستم، واڵت ویتمەن -
لەمێژە نەفرەتت پێ ئەفرۆشم
ئێستاکە بەوێنەوی منداڵێکی پێگەیشتوو دێم بۆ لات،
ئەو منداڵەی کە پەروەردەی باوکێکی کەللەڕەق بوو؛
هێند تەمەنم کردووە، هەڤاڵم هەبێ، یارم هەبێ،
ئەوەی کۆتەداری نوێی شکاند تۆ بووی
ئێستەش کاتی هەڵکۆڵینە.

(1) *Literary Essays (1954).*
(2) *Poet as Sculptor (1963).*
(3) “re-construction”.

ئێمە هەردوو لەیەک ڕەگەزین و یەک شیرە
با پێکەوە مامەڵەیەک بکەین.

## A pact

I make a pact with you, Walt Whitman-
I have detested you enough.
I come to you as a grown child
Who has a pig-headed father;
I am old enough now to make friends.
It was that broke the new wood,
Now is a time for carving.
We have one sap and one root-
Let there be commerce between us.

## لە پارکدا

وەکوو گلۆڵەیەکی کراوەی ئاورێشم کە بەدیوارێکەوە ئەشنێتەوە،
ئەو ژنە بەتەنیشت پارکێکدا لە کنزینگتۆن پیاسە ئەکات و
کەم خوێنییەکی عاتیفی
هێور هێور، ئەیبا، ئەیبا بەرەو مەرگ.
لەو دەروبەرەشدا
کۆمەڵێ منداڵی چڵکن و دزێو و لاساری بەچکە هەژار هەن.
ئەمانەن کە زەوی ئەبێتە میراتیان.

لەم ژنەدا زگوماگ دواچرکەکانیەتی.
مەلوولییەکەی ناسکە و زێدەڕۆیانە.
تامەزرۆی کەسێکە لە گەڵی بدوێ،



تاڕادەیەکیش لەوە دەترسێ
نەکا من
تووشی ئەو بێ حورمەتییە بم.

## The Garden

Like a skein of loose silk blown against a wall
She walks by the railing of a park in Kensington Gar-
dens.
And she is dying piecemeal
Of a sort of emotional anemia.
And round about there is a rabble
Of the filthy, sturdy, unkillable infants of the very
poor.
They shall inherit earth.

In her is the end of breeing.
Her boredom is exquisite and excessive.
She would like some one to speak to her,
And is almost afraid that I
Will commit that indiscretion.

# رابینسۆن جێفێرز (١٨٨٧-١٩٦٣)[١]

رابینسۆن جێفێرز ساڵی ١٨٨٧ لە شاری پیترزبورگ-ی پێنسیلڤانیا لە دایک بوو. باوکی مامۆستای زمانی کتێبە پیرۆزەکان بوو و، رابینسۆن تا تەمەنی حەوت ساڵان لەلای ئەو دەیخوێند. ساڵی ١٩٠٢ لە زانکۆی پیترزبورگ دەستی کرد بەخوێندن و، پاشان، دوای ئەوەی ماڵیان بۆ ویلایەتی کالیفۆرنیا گواستەوە، لەوێ درێژەی بەخوێندنی ئاکادیمیک دا. ئەم سەفەرە بۆ ئەو قۆناخێکی گرنگ بوو، تا کۆتایی ژیانیشی هەر لەوێ مایەوە. پاش دەرچوون لەو زانکۆیە، لە زانکۆکانی تردا وەک زانکۆی زوریخ و زانکۆی واشنتۆن دیسانەوە خۆی بەخوێندنەوە سەرقاڵ کرد. هەر لەم ماوەیەدا بوو کە لەگەڵ ژنێکدا بەناوی ئاناکۆستر[٢] ئاشنابوو و، ساڵی ١٩١٣ پێکەوە ژیانی هاوبەشیان دەست پێکرد. سەرەتا کۆمەڵە شیعرەکانی لەناو دۆست و ناسیاوانی خۆیدا بڵاو دەکردەوە و، ئەوانیش پێشوازییەکی گەرمیان لێ نەدەکرد؛ هەر بۆیە، هەوڵی دا شێوازی شاعیرانە و چەشنی هەڵسوکەوتی خۆی بگۆڕێ و دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەربڵاو. کتێبی **تەمەر و چەند شیعری تر** (١٩٢٤)[٣]، کە دوایی بۆ جاری دووەم بەناوی **ڕۆن ستالیۆن، تەمەر و چەند شیعری تر** (١٩٣٧)[٤] بڵاوکرایەوە، بوو بەهۆی بەناوبانگبوونی جێفێرز و، لە کۆمەڵە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەدا وەکوو شاعیرێکی سەرکەوتوو باسیان لێ ئەکرد. **هانگرفیلد و چەند شیعری تر**[٥] دوا بەرهەمی شیعریی چاپکراوی جێفێرز بوو کە ساڵی

(1) Robinson Jeffers (1887-1963).
(2) Anne Koster.
(3) *Tamar and Other Poems (1924).*
(4) *Roan Stallion, Tamar, and Other Poems (1937).*
(5) *Hungerfield and Other Poems (1954).*



١٩٥٤، چوار ساڵ پاش مەرگی هاوسەرەکەی، بڵاوکرایەوە.

سروشت، پێکهاتەی لەشی مرۆڤ و زانستە پێشکەوتووەکان مۆتیڤی زۆربەی شیعرەکانی جێفێرز پێک دێنن. جگە لەمەش، هەندێ لە شیعرەکانی گێڕانەوەیەکی بڵندیان لەخۆ گرتووە و، ڕواڵەتی پەخشانە شیعریان داوەتە بەرهەمەکانی. جێفێرز لەو تاقمە شاعیرانە بوو کە بەردەوام و تەنانەت لە تەشقی ژیانی شاعیرانەی خۆیدا ڕەخنەی توندی ئاڕاستە ئەکرا. لەلایەکی ترەوە، چەندین خەڵاتی لەلایەن ئاکادیمیای شاعیرانی ئەمریکاوە پێبەخشرا و، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە دوو ڕوانگەی جیاواز سەبارەت بەشیعری جێفێرز لە ئارادا بن.

## ئەسپەردەگای من

لە شیعرێکی تردا پێم کوتووی، نازانم خوێندبێتتەوە یان نا،
سەبارەت بەشوێنێکی جوان، ئەو شوێنەی
کەڵەکێوییە بریندارەکان بۆ مردن ئەڕۆن
لەژێر گەڵاکاندا و لە تەنیشت تاڤگەیەکی درەوشاوەدا
ئێسقانەکانیان لە گۆڕستانە بچووکەکەیاندا تێک دەئاڵێن،
ئەگەر خاوەنی ڕۆح ببوونایە، خۆشیان دەویست و
ئێسقانەکانیان شادمان دەبوو.
ئێستاکە نۆرەی منە
کە شوێنێکی جوان بۆ ئەسپەردەگاکەی خۆم بدۆزمەوە،
دووربێ لە خەڵکی
نەگۆڕستان بێت و نەشاری بێدەنگی،
تۆ بیت و خوا، نەکەلاوەیەک بێت و نەئاهەنگی پرسەیەک
بەڵام ئەگەر ئاژەڵێکی مرۆڤ ئاسای بەبایەخ بوو
بەوێنەی کەڵەکێوییەکی گورج یان ڕاوچیی شەوان،
پڵنگی تەنیا،
منیش لە هاوگۆڕیی ئەوان شادمان دەبم.

## My Burial Place

I have told you in another poem, whether you’re read it or not,
About a beautiful place the hard-wounded
Deer go to die in; thire bones lie mixed in their litte graveyard
Under leaves by a flashing cliff-brook, and if
They have ghosts they like it, the bones and mixed antlers are well content.
Now come for me the time to engage
My burial place, put me in a beautiful place far off from men
No cemetery, no necropolis,
And for God’s sake no columbarium, not yet no funeral.
But if the human animal were precious
As the quich deer or that hunter in the night the lonely puma
I Should be pleased to be in one grave with’em.

## شادی

گەرچی شادی لە خەم باشترە، بەڵام هێندەش مەزن نییە؛
ئاشتی مەزنە، هێز مەزنە.
ئەستێرەکان لەبەر شادی ناسووتن،
داڵ لە ئاسماندا و بەسەر کێوەکاندا لەبەر شادی
باڵی خۆڵەمێشیی خۆی بڵاو ناکاتەوە؛
کێوی کۆن لەبەر شادی ڕانەوەستاوە



لە کاتێکدا کە ساڵ بەوێنەی ئاو یاڵ بەیاڵی کون ئەکا.
"خۆ من نەکێوم، نەباڵندە و نەئەستێرە،
کەچی لە شادیش دەگەڕێم":
سستیی ڕەگەزت:
بەڵام لە ئاکامدا بێدەنگی
چاوی تامەزرۆ دادەپۆشێ.

## Joy

Though joy is better than sorrow, joy is not great,
Peace is great, strenght is great.
Not for joy the stars burn, not for joy the vulture
Spreads her gray sails on the air
Over the mountain; not for joy the worn mountain
Stands, while years like water
Trench his long sides. “I am neither mountain nor bird
Nor star; and I seek joy.”
The weakness of your breed: yet at lenght quieteness
Will cover those wistful eyes.

# ماریان موور (١٨٨٧-١٩٧٢)[١]

ماریان موور یەکێکە لە بەنێوبانگترین ژنە شاعیر و نووسەرەکانی ئەدەبی ئەمریکیی هاوچەرخ. ساڵی ١٨٨٧ لە میسووری-ی ویلایەتی سەینت لویز[٢] لە دایک بوو، پاش تەواوکردنی دواناوەندی لە زانکۆی برایانماور[٣]دا ناوی نووسی. لەوێ سەرەتا بەشێوازی شاعیرانی کۆتایی سەردەمی ڤیکتۆریا شیعری ئەهۆنییەوە و، هەندێ لە شیعرەکانی لە گۆڤاری زانکۆدا چاپکران. ساڵی ١٩١٥ و بۆ یەکەم جار دوو بەرهەمی شیعریی لە لەندەن و لە گۆڤارگەلی **ئیگۆیست**[٤] و **شیعر**دا بڵاوکرانەوە. پاش ساڵێک چوو بۆ کاتاهام، کە زۆر لە نیویۆرک دوورنەبوو و، لەوێ لەگەڵ کۆمەڵە شاعیرێکدا کە لە گۆڤاری **ئەوان**[٥]دا کاریان دەکرد ئاشنا بوو. ئەو شاعیرانە بریتی بوون لە ویلیام کارلۆس ویلیامز، والس ستیڤێنس و کێنێت بێرک[٦].

دوای ماوەیەکی کورت بەرهەمە شیعرییەکانی موور لە گۆڤارگەلی **ئەوان** و **دەیلی**[٧]دا بڵاوکرانەوە و، بۆ ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری مانگانەی **دایال** بوو، کە بەیەکێ لە بڵاڤۆکە بایەخدارە ئەدەبییەکان دادەنرا. یەکەم دیوانە شیعری بەناوی **شیعر**[٨] لە لەندەن و لە ساڵی ١٩٢١دا چاپکرا.

کۆمەڵە شیعرەکانی دیکەی موور ئەمانەی خوارەوەن: **ڕوانینەکان**

(1) Marianne Moore (1887-1972).
(2) Missouri, St. Louise.
(3) Bryanmawer.
(4) *Egoist.*
(5) *Others.*
(6) Kenneth Burke.
(7) Dial.
(8) *Poems (1921).*



(١٩٢٥)[١]، **هەڵبژاردەی شیعرەکان** (١٩٣٥) و **ساڵەکان چین؟** (١٩٤١)[٢]. دوا هەڵبژاردەی شیعرەکانی، کە ساڵی ١٩٥١ بڵاوکرایەوە، توانی خەڵاتی بەنرخی پولیتزێر، بولینجن و کتێبی نەتەوەیی وەدەست بهێنێ.

لە شیعرەکانی ماریان مووردا زەینییەتی مرۆیی لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەندێ سەروای ئاڵۆز و نموونەی پەشێوەوە وەسفکراوە و، هەندێ جار پەنجەشی دەخستە سەر سروشت و کێڵگە و ئاژەڵەکان. بەم شێوەیە هەوڵی دەدا بنەواشە ئەخلاقییەکان وەبیر مرۆڤ بهێنێتەوە؛ هەر بۆیە هەوای شیعرەکانی خۆشەویستانە و مرۆڤانەیە، هەرچەندە جاربەجاریش لە تیز و تەوس کەڵکی وەردەگرت.

## ساڵەکان چین؟

بێ تاوانیمان کامەیە،
تاوانمان چییە؟
هەموومان ڕووتین، کەسمان ئاسوودە نییە.
کوانێ ئازایەتیمان: پرسیاری بێ وڵام،
گومانی نەگۆڕ،-
بانگ ئەکەین بەلاڵی، ئەبیستین بەکەڕی -
تۆ بڵێی تەنانەت مەرگیش
بەسیابەختیەوە
کەسی تر هان نەدا؟

لەم دۆڕانەشدا ڕۆح نەهەژێنێ
بۆ وەی نەترس بێ؟
چاوی تیژە و دڵی شاد، قۆناغ ئەبڕێ و

(1) *Observations (1925).*
(2) *What are years? (1941).*

ئەگاتە ناهەرمانی؛
زنجیریش گەر کرابێ بەرز و بەرزتر ئەبێتەوە
بەوێنەی زەریای قەڵەش تێکەوتوو،
ململانێ ئەکا بۆ ئازادی و ناشتوانێ،
کە خۆیشی ئەدا بەدەستەوە
بەردەوامی ئەدۆزێتەوە.

## What Are years?

What is our innocence,
what is our guilt? All are
naked, none is safe. And whence
is courage: the unanswered question,
the resolute doubt, ___
dumbly calling, deafly listening ___ that
in misfortune, even death,
encourages others
and in its defeat, stirs

the soul to be strong? He
sees deep and is glad, who
accedes To mortality
and in his imprisonment rises
upon himself as
the sea in a chasm, struggling to be
free and unable to be,
in its surrendering
finds its continuing.



کەوایە ئەو کەسەی هەستی بەهێزە
بێدەنگ نابێت.
ئەم باڵندەیە
بەدەم گۆرانییەوە باڵا ئەکا،
گەرچی یەخسیرە
بەوێنەی پۆڵا ڕاستە و سەری بەرز
ئاوازی بەرزی ئەڵێتەوە،
چەند بێ بایەخە قایل بوون،
چەندەش بێ خەوشە شادی.
ئەمە کێشەی مان و نەمانە.

So he who strongly feels,
behaves. The very bird,
grown taller as he sings, steels
his from straight up. Though he is captive,
his mighty singing
says, satisfaction is a lowly
thing, how pure a thing is joy.
This is mortality,
this is eternity.

# جان کرۆ رانسۆم (١٨٨٨-١٩٧٤)[١]

جان کرۆ رانسۆم لە ٣٠ی ئەپریلی ساڵی **١٨٨٨**دا و لە باژێڕی پولاسکی ویلایەتی تێنیسی[٢] لە دایک بوو. باوکی قەشەیەکی میتۆدیست[٣]بوو. جان، سەرەڕای ویستی باوک و بنەماڵەی، لە بری ئایین ڕووی هێنایە ئەدەب. لە پانزە ساڵاندا لە زانکۆی ڤەندێربیت[٤] ناوی نووسی کرد و ساڵی **١٩٠٩** کۆتایی بەخوێندن لەوێ هێنا. پاشان چوو بۆ زانکۆی ئاکسفۆرد و، پاش دەرچوون لەوێ گەڕایەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و، سەرەتا لە قوتابخانەیەکی دواناوەندیدا دەستی کرد بەوانە وتنەوەی زمانی لاتین. دوای ماوەیەکی کورت بوو بەمامۆستای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی ڤەندێربیت و، تا ساڵی **١٩٣٧** لەوێ مایەوە. یەکەم دیوانە شیعری بەناوی **شیعرگەلێک دەربارەی خوداوەند**[٥] لە ساڵی **١٩١٩**دا بڵاوکرایەوە و، دیوانی **تاو و لەرز**[٦]-ی پاش چەند ساڵێک خستە بەر دیدەی خوێنەران. ئەگەرچی چەندین دیوانە شیعری دیکەی بڵاوکردەوە، بەڵام ئەمە بەڕاستی کۆمەڵە وتاری **ڕەخنەی نوێ** (١٩٤١)[٧] بوو، کە پلەوپایەی رانسۆم-ی وەکوو ڕەخنەگرێکی بەرچاو و داهێنەر مسۆگەر کرد.

جان کرۆ رانسۆم، بەرلەوەی وەکوو شاعیرێک ڕەچاو بکرێ، زیاتر وەکوو ڕەخنەگرێک ناسراوە کە توانی بزاڤی کاریگەر و بەرفراوانی

(1) John Crowe Ranson (1888-1974).
(2) Pulaskiy Tenessee.
(3) Methodist.
(4) Vanderbilt.
(5) *Poems About God (1919).*
(6) *Chills and fever (1924).*
(7) *The New Criticism (1941).*



«ڕەخنەی نوێ» لە ئەمریکا پەرە پێبدات. ئالێن تەیت[١] و ڕابرت پێن وارێن[٢] دوو خوێندکاری چالاکی رانسۆم بوون کە ئەوانیش لەگەڵ کلینس بروکس[٣] و هەندێ نووسەر و ڕەخنەکاری تر توانییان گەشەپێدەری بزاڤی ڕەخنەی نوێی ئەمریکا بن. پاش **١٩٣٧** وەکوو پرۆفیسۆری ئەدەبی ئینگلیزی لە کۆلیژی کێنیۆن-ی ئوهایۆدا[٤] دەستی کرد بەتوێژینەوە دەربارەی چۆنیەتی پێکهاتەی شیعر و پێویستیی خستنەگەڕیی بزاڤی «ڕەخنەی نوێ». ئەگەرچی ساڵی **١٩٥٨** لە پیشەی ئاکادیمیک خانەنشین کرا، بەڵام لە دواساڵەکانی ژیانیشیدا خەریکی نووسین و نووسینەوە و پێداچوونەوەی بەرهەمەکانی بوو، **هەڵبژاردەی شیعرەکان**[٥] لە ساڵەکانی ١٩٤٥، ١٩٦٣ و ١٩٧٠ بۆ چەندین جار بڵاوکرانەوە. **شیعرەکان و وتارەکان**[٦] بەرهەمێکی تری رانسۆم بوو کە ساڵی **١٩٥٥** کەوتە بەرچاوی خوێنەر و ڕەخنەگران.

(1) Allen Tate.
(2) Robert penn Warren.
(3) Cleanth Brooks.
(4) Kenyon College, Ohio.
(5) *Selected poems (1945).*
(6) *Poems and Essays (1955).*

## کچە سووکەکان

کاتێ تەنوورە شینەکانتان ئەشنێتەوە و لە مێرگەزاری
ژێر برجی فێرگەکەتاندا پیاسە ئەکەن،
بڕۆن و گوێ لە مامۆستا پیر و لێک دژەکانتان بگرن
بێ ئەوەی بڕواتان بەتاقە وشەیەکیشیان ببێ.

بسکتان بەقردیلەی سپی ببەستن و
جگە لەو کۆترە شینانەی بەسەر چیمەندا دێن و دەڕۆن و
بەئاسمانەوە گۆرانی ئەچڕن
چیدی بیر لە سبەی مەکەنەوە.

ئەی کچە شینەکان، قەدری جوانیتان بزانن پێش ئەوەی بژاکێ،
منیش پڕ بەقوڕگم هاوار ئەکەم و جوانی ئەپژێنم،
ئەو جوانییەی هەموو هێز و توانامان قەت ناتوانێ پێکی بێنێ،
ئەو جوانییەی یەکجار کەم خایەنە

با چیرۆکێکی ڕاستتان بۆ بگێڕمەوە
ژنێکی زمان پیس ئەناسم
کە شینایی چاوانی تەم داپۆشیبوو
لەنجەولاری جارانیشی نەمابوو – بەڵام پار و پێرار
لە هەر هەمووتان دڵڕفێنتر بوو.

## Blue Girls

Twirling your blue skirts, travelling the sward
Under the towers of your seminary,
Go listen to your teachers old and contrary
Without beliving a word.



Tie the white fillets then about your lustrous hair
And think no more of what will come of pass
Than bluebirds that go walking on the grass
And chattering on the air.

Practise your beauty, blue girls, befor it fail;
And I will cry with my loud lips and publish
beauty which all our power shall never establish,
It is so frail.
For I could tell you a story which is true
I kow a lady with a terrible tongue,
Blear eyes fallen from blue,
All her perfections tranished- and yet is not long
Since she was lovelier than any of you.

## شین گێڕی بۆ کچی جان وایت سايد

جەستەی بچووکی هێندە خێرا و چالاک بوو،
ترپەی پێی هێندە سووک و نەرم بوو،
پێتان سەیر نەبێ ئەگەر خەونە ڕەنگینەکانی
هەر هەموومان سەرسام بکا.

لە پەنجەرە بەرزەکەمانەوە شەڕوشۆڕیمان ئەبینی،
لەنێو دار سێوەکاندا سەیرمان ئەکرد،
ئەویش لەوێ لەگەڵ سێبەری خۆی وەشەڕ دەهات
یان ئەمسەر و ئەوسەری حەوزەکەی دەکرد.

قازە لەش گرانەکان وەکوو پەڵەهەورێکی بەبەفر
چیمەنی سەوزیان سپی پۆش ئەکرد.
فێڵبازن، ڕادەوەستن، خەواڵوون و فیز ئەکەن
بەڵام مەخابن، هەر ئەمانەن کە ئەقیرێن.

ئەم ژنەش چۆن لە جەستەیەکی گچکەدا، دڵێکی ماندوویی نەناسی هەیە
بەتوولێک لە خەونی سێوێنی نیوەڕۆ بێداریان ئەکاتەوە و
ئاسمان ئەبێ بەقونەقونی قاز
بەڵام ئێستاکە دەنگی زەنگ دێ، ئێمەش هەموو ئامادەین و،
لە خانوویەکدا قنج و قیت ڕاوەستاوین
بێدەنگ پاڵمان داوەتەوە
بۆ وەی بڵێین هەمووومان بۆ خەونە ڕەنگینەکانی بەداخین.

## Bells For John Whitesid’s Daughter

There was such speed in her little body,
And such lightness in her footfall
It is no wonder that her brown study
Astonishes us all.

Her wars were bruited in our high window.
We looked among orchard trees and beyond,
Where she took arms against her shadow,
Or harried unto the pond

The lazy geese, like a snow cloud
Dripping their snow on the green grass,



Triching and stopping, sleepy and proud,
Who cried in goose, Alas,

For the tireless heart within the little
Lady with rod that made them rise
From their noon apple dreams, and scuttle
Goose - fashion under the skies!

But now go the bells, and we are ready;
In one house we are sternly stopped
To say we are vexed at her brown study,
Lying so primly propped.

# کۆنراد ئەیکن (١٨٨٩-١٩٧١)(١)

کۆنراد ئەیکن ساڵی ١٨٨٩ لە ساڤانا لە دایک بوو، بەڵام لە ژینگەی جیاوازی ناوچەی نیوئینگلەندا پەروەردە کرا. لە ساڵی ١٩١١دا خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد تەواوکرد و، هەر لەوێ بەهرەی شاعیریی خۆی وەدەرخست. لە منداڵیدا، بەڵام، ڕووداوێکی هەرە دڵتەزێن و جەرگبڕی بەچاوی خۆی بینیبوو کە کاریگەریتیی زۆری لەسەر دانا. کۆنراد بەچاوی خۆی بینی کە باوکی دایکی کوشت و پاشان خۆیشی کوشت. هەر بەم بۆنەوە، بەردەوام بۆنی حەسرەت و نائاسوودەیییەک لە شیعرەکانیەوە دێ کە بەتەواوی لە هەوای تراژیکی شیعرەکانیەوە خۆی نواندۆتەوە.

شیعرە سەرەتاییەکانی لە **هەڵبژاردەی شیعرەکان** (١٩٢٩)(٢)دا بڵاوکرانەوە و، چاپ بوونی ئەم کتێبە وەرگرتنی خەڵاتی پولتیزێری بۆ نووسەرەکەی بەدواوەوە بوو. لە بواری ڕەخنەشدا کتێبێکی نووسی بەناونیشانی **گومانەکان: چەند سەرنجێک لەسەر شاعیرگەلی هاوچەرخ**(٣) کە ساڵی ١٩١٩ بڵاوکرایەوە و، نموونەیەکی باشە بۆ پێشاندانی ڕەخنەی سوننەتی ئەمریکی تا بەر لە سەرهەڵدانی بزاڤی «ڕەخنەی نوێ». جگە لەم بەرهەمانەش، چەندین هەڵبژاردەی بەرهەمی شاعیرانی ئامادە کردووە، وەک **شاعیرە مودێرنەکانی ئەمریکا** (١٩٢٢)(٤) و **هەڵبژاردەی شیعرەکانی ئیمیلی دیکنسۆن** (١٩٢٤)(٥). هەروەهاش نموونەی باشترین پەخشانەکانی ئەیکن بریتین لە **بەنێو جەماوەری ونبوودا** (١٩٣٤)(٦) و

(1) Conrad Aiken (1889-1971).
(2) *Selected Poems (1929).*
(3) *Scepticiesm: Notes on contemporary poets (1919).*
(4) *Modern American Poets (1922).*
(5) *Selected Poems of Emily Dickinson (1924).*
(6) *Among the Lost People (1934).*



**کافین پاشا** (١٩٣٥)(١).

ئەگەرچی کۆنراد ئەیکن خاوەن چەندین چیرۆک و پەخشانە، بەڵام زیاتر وەکوو شاعیرێک ناوی لێ ئەبرێ. بەرهەمەکانی ئەیکن توانیویانە چەند لایەنێکی دەروونناسانە بەرجەستە بکەنەوە و، بەتەواوی لەژێر کاریگەریتی فرۆیدیدان. لە ڕووی شیعریشەوە، هەرچەند هەندێ ڕەخنەگر وای بۆ دەچن کە جێ پەنجەی ئیلیۆت و پاوند لە شیعرەکانی ئەیکندا دیارە، بەڵام ئەیکن قەت نەیتوانی لانی کەم لە باری فۆرم و شێوازەوە، وەک ئەو دوو مامۆستایەی سەرەوە شیعر بهۆنێتەوە. بەهەر حاڵ، شیعری ئەیکن شیعرێکی مرۆڤانە و مرۆڤدۆستانەیە کە تیایدا هەوڵ دراوە هەستە کەسانییەکان تێکەڵی توخمە گەردوونییەکان بکرێن.

### ئەو مۆسیقایەی لەگەڵ تۆ بیستم

ئەو مۆسیقایەی لەگەڵ تۆ بیستم، تەنیا مۆسیقا نەبوو،
ئەو نانەی لەگەڵ تۆ خواردم تەنیا نان نەبوو؛
ئێستەش لەم بێ تۆیییەدا جیهان وێرانە و پەرێشان،
ئەوەی کە ڕۆژگارێک جوان بوو، مردووە.

ئەم مێزە و ئەم قاپە نوقرەیییانە، جێی پەنجەی تۆیان پێوە دیارە
ئەو قامکانەتم لە بیرە کە ئەم پەرداخەیان هەڵگرتبوو.
ئای ئازیزەکەم، ئەمانە هیچیان تۆیان لەبیر نەماوە، –
کەچی هەناسەی قامکەکانت هێشتا هەر لەوێن.

لەدڵمدا بوویت و بەنێویاندا دەهاتیت و دەچوویت،
بەو دەست و چاوانەت هەموویانت پیرۆز دەکرد،
لە دڵیشمدا تا هەتایە یادت دەکەن، –
خانمە جوان و ژیرەکەم، ئەوانیش جاران دەیانناسیت.

(1) *King Coffin (1935).*

## Music I Heard With You

Music I heard with you was more than music,
And bread I broke with you was more than bread;
Now that I am without you, all is desolate;
All that was once so beautiful is dead.

Your hands once touched this table and this silver,
And I have seen your finger hold this glass.
These things do not remember you, beloved,-
And yet your touch upon them will not pass.

For it was in my heart you moved among them,
And blessed them with your hands and with your
eyes;
and in my heart they will remember always,-
They knew you once, O beautiful and wise.



# ئی، ئی. کەمینز (١٨٩٤-١٩٦٢)[١]

ئی. ئی. کەمینز ساڵی ١٨٩٤ لە کەمبریج-ی ماساچوسێتس لە دایک بوو. باوکی وانەبێژی زانکۆی هارڤارد بوو و دوایی کرایە قەشەی سەرۆکی شاری بۆستۆن، کە دەورێکی گرنگ و بەرفراوانی ئەبینی. ئی. ئی. کەمینز لە ساڵی ١٩١١دا چوو بۆ هارڤارد، لەوێ دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لە گۆڤارەکانی زانکۆ، شیعرەکانی ئەم قۆناخەی مۆرکی پێش رافائیلی[٢]ی پێوە دیارە. بڕوانامەی بەکالێریۆسی لە ساڵی ١٩١٥ و بڕوانامەی ماستێری لە ساڵی ١٩١٦ لە زانکۆی هارڤارد وەرگرت (بەشی زمانە کلاسیکەکان). لە دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ئەمریکاوە نێردرا بۆ فەرەنسا و، لەوێ بۆ ماوەی سێ مانگ دیلی دوژمن بوو. پاش گەڕانەوە بۆ ئەمریکا لە نیویۆرک گیرسایەوە و، زۆربەی کاتی خۆی تەرخان کرد بۆ شێوەکاری و شیعر. لە ساڵی ١٩٢٢دا **کتێبی ژووری گەورە**[٣]-ی بڵاوکردەوە کە نیمچە ژیاننامەیەکە و بەیەکێ لە پەخشانە هەرە باشەکانی سەردەمی شەڕ ئەژمێردرێ.

پاش ئەوەی شیعرەکانی لە گۆڤاری دایێلدا چاپکران، یەکەم دیوانە شیعری بەناوی **هەڵاڵە و دووکەڵ کێش**[٤] لە ساڵی ١٩٢٣دا بڵاوکرایەوە. ئەمە و چەند کتێبێکی تر پێگەیەکی بەرز و دیاریان بۆ کەمینز دەستەبەر کرد.پاشان، لە دوا ساڵەکانی ژیانیدا، کۆی بەرهەمە شیعرییە دواییەکانی خۆی کۆکردەوە و بەناوی **شیعرەکانی ١٩٢٣-١٩٥٤**[٥] لە ساڵی ١٩٥٤دا لە چاپی دان. جگە لەمەش دوو دیوانە شیعری دیکەی بەناوگەلی

(1) E. E. Cummings (1894-1962).
(2) Pre-Raphaelite.
(3) *The Enormous Room (1922).*
(4) *Tulips and Chimneys (1923).*
(5) *Poems 1923-1924.*

**٩٥ شیعر**[1] و **٧٣ شیعر**[2] خستە بەردەستی خوێنەران. کەمینز شاعیرێکی تەواو تاکخوازە و، یەکێ لەو شاعیرە دەگمەنانە بوو کە دژی تیۆری دژە ڕۆمانتیسیستی ئیلیۆت و پاوند خەریکی دامەزراندنی ڕۆمانتیسیزمێکی مودێرن لە شیعردا بوو. شیعرەکانی کەمینز هەڵگری هەندێ تازەگەری و داهێنانی تاکە کەسین و، لەوانەیە یەکسەر بەپێچەوانەی سەرجەم یاسا و ڕێسا کلاسیکەکان بن. ئەبێ ئەوەش بوترێ کە «ئەوین» و «مرۆڤایەتی» مۆتیڤی زۆربەی هەرەزۆری شیعرەکانی کەمینز پێکدێن.

### ئەی نازەنین!

زولفت هەرێمێکە
پاشاکەی تاریکی
تەوێڵت فڕینی گوڵەکانە

سەرت جەنگەڵێکی چالاکە پڕ لە باڵندەی خەواڵوو
لەسەر لقی جەستەت
سنگت پوورە هەنگێکی سپییە
لەشت بۆ من مانگی گوڵانە
باوەشت بۆنی نزیکی بەهاری لێ دێ

ڕانەکانت جووتێ ئەسپی سپین بەکالیسکەی
شاهانەوە بەستراون
ڕانەکانت زرمەی سازی سترانبێژێکی خۆشدەستن
لە نێوانیاندا بەردەوام گۆرانییەکی دڵڕفێنە.

(1) *95 Poems (1958).*
(2) *73 Poems (1963).*



### my love

thy hair is one kingdon
the king whereof is darkness
thy forehead is a flight of flowers

thy head is a quick forest
filled with sleeping birds
thy breasts are swarms of white bees
upon the bugh of thy body
thy body to me is April
in whose armpits is the approach of spring

thy thighs are white horses youked to a chariot
of kings
they are the striking of a good minstrel
between them is always a pleasant song

ئەی نازەنین
سەرت خەزێنەیەکی گچکەیە
پڕ لە ئاڵتوونی فێنکی مێشکت
زوڵفت لە سەرتدا سوار چاکێکە
قەت گەردی شکستی لێ نەنیشتووە
زوڵفت بەقەدتدا لەشکرێکە
بەزورنای سەرکەوتنەوە ئەگەڕێتەوە
پێت درەختی خەونە و
میوەکەت بەشی منە لە فەرامۆشی
لێوەکانت جووتێ حوکمڕانی سوورپۆشن و

ماچیان کۆبوونەوەی پاشاکان
مەچەکەکانت پیرۆزن
ئەو مەچەکانەی کلیلداری خوێنی تۆن
لاقت لەسەر پاژنەگوڵن لە گوڵدانی
نوقرەدا
جوانیت دوودڵیی فلووتەکانە
چاوەکانیشت دەرخستنی نهێنیی زەنگەکانن
لەنێو بۆنی بخووردا فام ئەکرێن

my love
thy head is casket
of the cool jewel of thy mind
the hair of thy head is one warrior
innocent of defeat
thy hair upon thy shoulders is an army
with victory and with trumpets
thy legs are the trees of dreaming
whose fruit is the very eatage of forgetfulness
thy lips are satraps in scarlet
in whose kiss is the combining of kings
thy wrists
are holy
which are the keepers of the keys of the blood
thy feet upon thy ankles are flowers in vases
of silver
in thy beauty is the dilemma of flutes
thy eyes are the betrayal
of bells comprehended through incense



بەبزەیەکەوە لەگەڵت دوام و
بەڵام
تۆ وەڵامت نەدامەوە
دەمت وەکوو
مۆسیقایەکی سوورە
وەرە ئێرە
ئەی یار، مەگەر ژیان جگە لە بزەیەکە؟
بەگۆرانییەکەوە لەگەڵت دوام و
بەڵام
تۆ نەتبیست
چاوەکانت چما
گوڵدانی بێدەنگیی بەهەشتن
وەرە ئێرە
ئەی یار، مەگەر ژیان جگە لە گۆرانییەکە؟
بەڕۆحەوە لەگەڵت دوام و
بەڵام
تۆ سەرنجت نەدا
ڕوومەتت ئەڵێی خەونێکە
لە بۆنی خۆش و سپیدا قفڵ کراوە
وەرە ئێرە
ئەی یار، مەگەر ژیان جگە لە عەشقە؟

I spoke to thy
with a smile and thou didst not
answer
thy mouth is as
a chord of crimson music

Come hither
O thou, is life not a smile?
i spoke to thee with
a song and thou
didst not listen
thine eyes are as a vase
of divine silence

Come hither
O thou, is life not a song?
i spoke
to thee with a soul and
thou didst not wonder
thy face is as a dream locked
in white fragrance
Come hither
O thou, is life not love?

بەشمشێرێکەوە لەگەڵت ئەدوێم و
تۆ بێدەنگی
سنگت بەوێنەی مەزارێکە
نەرمتر لە گوڵ
وەرە ئێرە
ئەی یار، مەگەر عەشق مەرگ نییە؟

I speake to
thee with a sword
and thou art silent



thy breast is as a tomb
softer than flowers
Come hither
O thou, is love not death?

## تەنیایی

تە (گەڵا
یەک
دا
ئە
کە
وێ)
ن
یا
یی

## بێدەنگی

بێدەنگی
باڵندە
یەکی
چاوەنواڕە
لێواری،
گەڕان
ی
ژیان
(خواستی بەر بەفر

I (a
le
af
fa
ll
s)
one
l
iness

**silence**
is
a
looking
bird: the
turn
ing; edge, of
life
(inquiry before snow



# لەنگستۆن هیوز (١٩٠٢-١٩٦٧)(١)

لەنگستۆن هیوز، شاعیر و نووسەری ناسراوی ڕەشپێستی ئەمریکی، لە ڕۆژی یەکەمی فێبریوەریی ساڵی ١٩٠٢دا و لە بازێڕی جاپلین-ی ویلایەتی میسووری چاوی بەژیان هەڵێنا و، ڕۆژی ٢٢ی مانگی مێی ساڵی ١٩٦٧، کاتێ بەگەورەترین شاعیری هارلم(٢)، گەڕەکی ڕەشپێستانی نیویۆرک، دادەنرا، کۆچی دوایی کرد. هەروەک لە ژیاننامەیدا دەڵێ: «تا تەمەنی دوانزە ساڵان لەکن دایەگەورەم ئەژیام چونکی دایک و باوکم لێکدی جیا بووبوونەوە.» باوکی هیوز بەهۆی ڕقی زۆر لە ڕەگەزپەرستییەوە وڵاتی بەجێهێشت و بۆ مەکزیک کۆچی کرد و، بنەماڵەکەشی ڕوویان کرد لە باکووری ئەمریکا. هیوز لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٢١ و ١٩٢٥دا لە زانکۆگەلی کۆلۆمبیا، کیلڤلەند و دیترۆیت خەریکی خوێندن بوو و، پاشان لە نیویۆرک و دەوروبەریدا بەشوێن ئیشوکاردا دەگەڕا و قەت بۆی نەدەدۆزرایەوە. بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ چەند وڵاتێک سەفەری کرد و، بۆ تێرکردنی سکی هەر تاوێ خەریکی کارێ بوو، لە پێشخزمەتیی ئوتێل و چێشت لێنان لە ریستۆرانتەکاندا بگرە تا کارکردن لەناو پاسە شارییەکانی واشنتۆن.

یەکەم شیعری هیوز ساڵی ١٩٢١ بەناوی «ڕەشپێستێک باسی ڕووبارەکان ئەکا» لە گۆڤاری قەیران(٣) دا بڵاوکرایەوە کە زۆرتر لەژێر کاریگەرێتیی شیعرەکانی کارڵ سەندبێرگدا بوو. ئەم شیعرە و زۆربەی هەرەزۆری بەرهەمەکانی تری باس لە دژواریی دۆخی ژیانی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا و ڕوانگەی ڕەگەزپەرەستانەی سپیپێستەکان ئەکەن. یەکێ لە

(1) Langston Hughes (1902-1967).
(2) Harlem.
(3) *Crisis*.

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شیعری هیوز بەکارهێنانی ڕیتم و کێشی مۆسیقای تایبەتی ڕەشپێستە «ئەمریکی - ئەفریقی»یەکانە کە بە «جازوبلوز»[1] ناوزەد دەکرێ. هیوز جگە لە شیعر، خاوەن چەندین چیرۆک و ڕۆمان و ژیاننامەشە و، بەناوی خوازراوەوە وتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئەدەبیشی بڵاودەکردەوە. هەندێ لە بەرهەمەکانی بریتین لە: **هەڵگری خەون** (١٩٢٦)[2]، **شێکسپیەر لە هارلم دا** (١٩٤٢)[3]، **شیعری ڕەشپێستان** (١٩٤٩)[4]، **نەک بەبێ پێکەنین** (١٩٣٠)[5] و **زەریای گەورە** (١٩٤٠)[6].

هیوز هەموو ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ خزمەتکردن بەڕەشپێستان و دەربڕینی خەم و ئازارەکانیان. بەواتایەکی تر، هیوز دەوری سەرەکی لە بزووتنەوەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و دژە ڕەگەزپەرستانەکانی هارلمدا گێڕا و، وەکوو سەروەری شاعیرە ڕەشپێستەکان ناوی لێ ئەبرێ.

## ڕەشپێستێک باسی ڕووبارەکان دەکا

ڕووبارەکانم ناسیوە:
ئەو ڕووبارانەی بەقەد جیهان کۆنن و
لە ڕەوتی خوێنی نێو دەمارەکانی مرۆڤیش کۆنترن.
ڕۆحی من بەوێنەی ئەو ڕووبارانە قووڵ بۆتەوە.

لە ساواترین سپێدەی مێژوودا لە فوراتدا مەلەم دەکرد.
کەپرەکەم لە نزیک کۆنگۆ دابەست و بەدەنگی لایەلایەوە خەو بردمیەوە؛

(1) Jazz & Blues.
(2) *Dream Keaper (1926).*
(3) *Shakespear in Harlem (1942).*
(4) *The Poetry of Negro (1949).*
(5) *Not Without Laughter (1930).*
(6) *The Big Sea (1940).*



بەسەر نیلدا ڕوانیم و لەوێ ئەهرامی میسرم هەڵدا.
لەو کاتەدا کە ئابراهام لینکوڵن ئەڕۆشت بۆ نیوئورلیانز
گۆرانیی میسیسیپی دەهاتە گوێم و
ئەمبینی چلۆن دەمەو خۆرئاوا
ئامێزە قوڕاوییەکەی ئەبێ بەڕەنگی زێڕ

ڕووبارەکانم ناسیوە:
ڕووبارە کۆن و لێڵەکان
ڕۆحی من بەوێنەی ئەو ڕووبارانە قووڵ بۆتەوە.

## The Negro Speaks of Rivers

I’ve known rivers:
I’ve known revers ancient as the world and older than the flow
Of human blood in human veins.
My soul has grown deep like the rivers.

I bathed in the Euphrates when dawns were young.
I built my hut near the Congo and it lulled me to sleep.
I looked upon the Nile and raised the pyramids above it.
I heard the singing of the mississippi when Ablioncoln
went dawn to New Orleans, and I’ve seen its muddy
bosom turn all golden in the sunset.

I’ve known rivers:
Ancient, dusky rivers.

My soul has grown deep like the rivers.

## دووڕەگە

بابی پیرم پیاوێکی سپیپێستە،
داپیرەشم ڕەشپێست.
ئەگەر ڕۆژی لە ڕۆژان نەفرینم کردبێ لە باپیرم
ئێستاکە پەژیوانم.

ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەگەر نەفرینم کردبێ لە داپیرەم و
دۆعای شەڕم لێ کردبێ،
لەو ئاوتە پیسەم داخدارم و
ئێستاکە دۆعای خێری بۆ ئەکەم.

بابی پیرم لە خانوویەکی جوان و گەورەدا مرد،
دایەشم لە کەلاوەیەکدا.
سەرم سوڕماوە ئاخۆ من لە کوێ دەمرم،
منێ کە نە سپیم و نە ڕەش؟

## Cross

My old man's a white old man
And my old mother's black
If ever I cursed my white old man
I take curses bake.

If ever I cursed my blak old mother
And wished she were in hell,
I'm sorry for that evil wish
And now I wish her well.



My old man died in a fine big house,
My ma died in a shack.
I wonder where I'm gonna die,
Being neither white nor blak?

## هارلم

چی بەسەر دێ خەونێکی بەدی نەهاتوو؟
ئاخۆ وەکو مێوژی بەر هەتاو
وشک ئەبێتەوە؟

یان وەکو زامێکی ناسۆر
چڵک ئەکا و پاشان هەڵئەتۆقێ؟
وەکو گۆشتی گەنیو بۆن ئەکا؟
یان نانی شەکر بەستووە و
بەوێنەی شەربەت شیرینە؟

لەوانەشە بچەمێتەوە
وەکو بارێکی قورس
یان،
بتەقێتەوە؟

## *Harlem*

What happens to a dream deferred?
Dose it dry up
Like a raisin in the sun?

Or fester like a sore
And then run?
Dose it stink like rotten meat?
Or crust and suger over-
Like a syrupy sweet?

Maybe it just sags
Like a heavy load,

Or dose it EXPLODE?



## تێئۆدۆر رۆتکی (١٩٦٣-١٩٠٨)[1]

تێئۆدۆر رۆتکی لە ساڵی ١٩٠٨دا و لە شاری ساگینای ویلایەتی میشیگان لە دایک بوو. پیشەی سەرەکیی باوک و مامی گوڵفرۆشی بوو و، تێئۆدۆر هەر لە منداڵییەوە لەژێر کاریگەرێتیی ژینگەی کاری باوکیدا بوو و، ئەم تایبەتمەندییەش بەتەواوی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. ساڵی ١٩٢٩ بڕوانامەی بەکالێریوس و ساڵی ١٩٣٦ بڕوانامەی ماستێری لەلایەن زانکۆی میشیگان-ەوە پێ بەخشرا. پاشان، لە زانکۆی هارڤارد و کۆلیژگەلی لافاییێت و بێنیگتۆن دەستی کرد بەوانە وتنەوە و، لە ساڵی ١٩٤٧ بەملاوە ئەرکی مامۆستایەتیی زمان و ئەدەبی لە زانکۆی واشنتۆن لە سیتل[2] لە ئەستۆ بوو. یەکەم دیوانە شیعری ساڵی ١٩٤١ و دووەمینیشیان ساڵی ١٩٤٨ بڵاوکرایەوە. لە ساڵی ١٩٤٦دا خەڵاتی گاگنهایم[3]-ی پێ بەخشرا و، هەروەهاش، لە ساڵگەلی دواییدا هەندێ خەڵاتی دیکەی وەک پولیتزێر، بولینگن[4] و کتێبی نەتەوەیی پێ بەخشرا.

شیعری تێئۆدۆر ڕۆتکی بەگشتی بە «شیعری دان پیانان» ئەناسرێ و، تیایدا بەسەرهاتی سەردەمی منداڵی و چۆنیەتی تافی لاویی شاعیر ئاڕاستە کراوە. بابەتی زۆربەی شیعرەکانی ڕۆتکی بریتین لە پێوەندیی نێوان تێئۆدۆر و باوکی و ئەندامانی تری بنەماڵە و هەروەها ژینگەی گوڵخانەکانی ئەو سەردەمە. کەواتە شیعری ڕۆتکی شیعرێکی زەینی - کەسانییە[5]، کە باس لە بیر و بڕوا و ڕوانگە و بەسەرهاتەکانی جێناوی

(1) Theodore Roethke (1908-1963).
(2) Seattle.
(3) Guggenheim.
(4) Bollingen.
(5) Subjective-personal.

یەکەم کەسی تاک، واتە «من» ئەکات. ئەگەرچی منی شیعریی بەرهەمەکانی ڕۆتکی خودی شاعیرەکەیە، بەڵام ئەمە بەڕاستی دەنگی نەوەیەکە کە لەو شیعرانەدا هەست پێدەکرێ. هەندێ لە بەرهەمی ڕۆتکی ئەمانەی خوارەوەن: **خانووی کراوە** (١٩٤١)[1]، **کوڕی ونبوو** (١٩٤٨)[2]، **شیعری بێدار** (١٩٥٣)[3] و **وشەگەلێک بۆ با** (١٩٥٣)[4].

## والّتسی بابم

بۆنی ویسکیی هەناسەت
منداڵێکی گچکەشی گێژ و وێژ ئەکرد،
بەڵام من بەوێنەی مردوویەک ئاوێزان بووم و
سەماکردنێکی ئاوەها بۆ من ئاسان نەبوو.

هێندە زرم و کوتمان کرد
قاپەکانی سەر زەرفی چێشتخانە خزانە خوارێ.
چرچی نێوچاوانی دایکیشم
بزەی لێوی داپۆشیبوو.

ئەو دەستەی مەچەکمی گرتبوو
هێندەی نەمابوو، هەموو قامکەکانم بشکێنێ.
نەشتئەزانی لە هەر هەنگاوێکدا
گوێم لە قفڵی کەمەرت گیر ئەکا.

تۆ بەلەتێ کێکی ڕەق و پیس
زەمانت لەسەرمدا شکاند.

(1) *Open House (1941).*
(2) *The Lost Son (1948).*
(3) *The Waking Poems (1953).*
(4) *Words for the Wind (1953).*



پاشان بەدەم سەماوە بردمتە نێو پێخەفەکەم،
منیش هێشتا خۆم نووساندووە بەکراسەکەتەوە.

## *My Papa's Waltz*

The whiskey on your breath
Could make a small boy dizzy;
But I held on like death:
Such waltzing was not easy.

We romped until the pans
Slid from the kitchen shelf;
My mother's countenance
could not unfrown itself.

The hand that held my wrist
Was battered on one knuckle;
At every step I missed
My right ear scraped a buckle.

You beat time on my head
With a palm caked hard by dirt.
Then waltzed me off to bed
Still clinging to your shirt.

## یاد

١

لە جیهانی هێوری خەوندا،
هاوهەناسەی یەکترین.
دەرەوە لە ناخدا ئەمرێ و،
ئەویش باش ئەزانێ ئەمن چیم.

٢

ئاورێک ئەداتەوە، وەک بڵێی دەیەوێ بڕوا
نیوەی باڵندەیە و نیوەی حەیوان،
با بەسەر تەپۆڵکەوە ئەمرێ،
عەشق هەموو شتێکە و منیش هەر عەشق ئەزانم.

٣

کەڵەکێوییەک لە تەنیشت ڕووبارێک ئاو ئەخواتەوە،
کەڵەکێوییەک و بەچکەکەی .
کاتێ دوایان ئەکەوم،
چیمەن ئەبێ بەبەرد.

## Memory

1

In the slow world of dream,
We breath in umison
The outside dies within,
And she knows all I am.



2

She turns, as if to go
Half - bird, half - animal.
The wind dies on the hill.
Love's all. Love's all know.

3

A doe drinks by a stream,
A doe and its tawn
When I follow after them,
The grass changes to stone.

# سیلڤیا پلەت (١٩٣٢-١٩٦٣)[١]

سیلڤیا پلەت، ناودارترین ژنە شاعیری هاوچەرخی ئەمریکی، لە ٢٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٣٢ و لە بنەماڵەیەکی مام ناوەندی و بارودۆخێکی لەباردا چاوی بەژیان هەڵێنا. کاتێ هەشت ساڵان بوو، بەهۆی مەرگی لەناکاوی باوکییەوە تووشیاری نەخۆشییەکی دەروونی بوو کە ئاکامەکانی تا دوارۆژی ژیانی لەگەڵ بوو. ساڵی ١٩٥٠ لە کۆلیژی سمیت دەستی کرد بەخوێندن و پاش سێ ساڵ، وەکوو یەکێ لە دوازدە ڕۆژنامەنووسی میوانی گۆڤاری نیویۆرک هەڵبژێردرا، هەر لەم ماوەیەدا بوو کە هەوڵی «خۆکوژی»دا و، ئەم ئەزموونەی دواتر لە ڕۆمانی شووشە (١٩٦٣)[٢] و شیعری «باوک»دا گێڕایەوە. لە ساڵی ١٩٥٥ بەمەبەستی خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزی لە زانکۆی کەمبریج چوو بۆ ئینگلتەرا و، لەوێ لەگەڵ شاعیری ئەوسا لاوی ئینگلیزی، تێدهیوز[٣]، ژیانی هاوبەشیان دەست پێکرد. بەڵام، پاش چەند ساڵێک، لە یەکتر جیابوونەوە. ئەگەرچی پاش جیابوونەوەش لە هیوز هەر لە پێشکەوتندا بوو و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ناسراوتر دەبوو، بەڵام بەیانییەکی ساردی زستانی ١٩٦٣خۆی کوشت.

زۆربەی بەرهەمەکانی پاش مەرگی بڵاوکرانەوە؛ لەوانە: **نامەکانی ماڵەوە** (١٩٧٥)[٤]، کە دایکی لە چاپی دا؛ **لە ئاو تێپەڕە** (١٩٧١)[٥]؛ **درەختەکانی زستان** (١٩٧١)[٦]، **خوای بێبەزە** (١٩٧٢)[٧]؛ **ئەریێل**[٨]، کە شاکارە شیعرییەکەیەتی و دوو ساڵ دوای

(1) Sylvia Plath (1932-1963).
(2) *The Bell Jar (1963).*
(3) *Ted Hughes (1930-1999).*
(4) *Latters Home (1975).*
(5) *Cross the Water (1971).*
(6) *Winter Trees (1971).*
(7) *The God Savage (1972).*
(8) *Ariel (1965).*



مەرگی بڵاوبۆوە.

شیعری سیلڤیا پلەت چیرۆکی ژنێکی خاوەن بەهرە و لێهاتووە کە نایەوێ بکەوێتە نێو گێژاوی ژیانی ڕۆژانەوە و، جگە لەمەش، ئەیەوێ شۆڕشی ژنێک دژی گوشارە چەند لایەنەکانی ژیان پێشان بدات. پلەت بەتەواوی بڕوای بەخۆی بوو و، هەروەک بۆ خۆی ئەڵێ: «من ئەو کچە بووم کە گەرەکی بوو ببێ بەخوا.» هەرچەندە تاقمێ ڕەخنەگری ڕادیکاڵی فێمینیست بەرهەمەکانی پلەت-یان بەباشی نەنرخاندووە و کەسایەتیی پلەت بەنموونەیەکی خراپ بۆ جیلی تازەی ژنان لە قەڵەم دەدەن، بەڵام ئەبێ بوترێ کە سیلڤیا پلەت نەک هەر شاعیرێکی گەورەی ئەمریکییە، بەڵکو تەنانەت یەکێ لە ژنە شاعیرە گەورەکانی جیهانە لە سەدەی بیستەمدا کە ڕەنگە ژمارەیان لەوەی قامکەکانی دەستی کەمتربێ. لەلایەکی ترەوە، سیلڤیا پلەت لەگەڵ تێئۆدۆر ڕۆتکی و ڕابرت لۆوێل (٧٧ - ١٩١٧) سێ کەسایەتیی سەرەکیی بزاڤی «شیعری دانپیانان»[١]ی ئەمریکێن کە شیعرێکی زەینی، کەسانی، گەردوونی، مرۆڤدۆستانە، پاک و بێگەرد بوو.

## ئاوێنە

نوقرەییم و وردبینم، کەسیش پێش وەخت ناناسم.
هەرچی ببینم خێرا هەڵی ئەلووشم،
بێ کەم و زیاد، بێ ئەوەی تۆزی خۆشەویستی و نەفرەتی لێ بنیشێ.
من جەفاکار نیم، بەس ڕاستگۆم.
چاوی یەزدانێکی بچووکم، چوارگۆشەم.
دایمە و دەرهەم چاو ئەبڕمە دیواری بەرانبەرم
[ئەو دیوارەی] پەمەییبە و نەختێ چڵکن، هێندە سەیرم کردووە،
ئەڵێی بەشێکە لە دڵم، بەڵام جار بەجار لە چاوم ون ئەبێ.

(1) Confessional Poetry.

ڕوخسارەکان و تاریکایی گەلێک جار لێکمان جیادەکەنەوە.

هەنووکە من زەریاچەم. ژنێک بەسەرما ئەنووشتێتەوە.
هەموو گیانم ئەگەڕێ بۆ دۆزینەوەی خۆی.
پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ لای درۆزنەکان، شەمەکان، یان مانگ
پشتی [چەماوەی] ئەبینم و بێ فێڵ و درۆ ئەینوێنمەوە.
ئەویش بەفرمێسک و زللە پاداشتم ئەداتەوە.
لای گرنگم و [لەبەردەممدا] دێت و دەچێ.
هەموو بەیانییەک ڕوومەتی لەگەڵ تاریکی جێگۆڕکێ دەکات.
هەموو بەیانییەک ڕوومەتی ئەوە کە جێی تاریکی ئەگرێتەوە.
لەمندا کچێکی جوانی خنکاندووە و لە منیشدا هەموو ڕۆژێ ژنێکی پیر
بەوێنەی ماسییەکی ناحەز بۆی هەڵدەستێتەوە.

## Mirror

I am silver and exact, I have no preconceptions.
Whatever I see, I swallow immediately,
Just as it is, unmisted by love and dislike.
I am not cruel, only truthful--
The eye of a little god, four - cornered.
Most of the time I meditate on the opposite wall.
It is pink, with speckles. I have looked at it so long
I think it is a part of my heart, But it flickers.
Faces and darkness seperate us over and over.

Now I am a lake. A woman bends over me.
Searching my reaches for what she really is.



Then she turns to liars, the candles or the moon.
I see her back, and reflect it faithtully.
She rewards me with tearts and an agitation of hands.
I am important to her, she comes and goes.
Each morning it is her face that replaces the e darkness.
In me she has drowned a young girl, and in me an old
woman
Rises toward her day after day, like a terrible fish.

# ENGLISH POETRY

***Vol. Tow Twentieth Century Poetry of America***

***Selected and Translated in to Kurdish***
***by***

## Omid Varzande, Bakhtiar Sadjadi

**First Edition, 2002**



داوای لێبوردن
له وەرگێڕی بەڕێز کاک ئومێد وەرزەندە و خوێنەرانی بەڕێز دەکەین
که لەسەر بەرگی یەکەمی ئەم زنجیرە کتێبەدا
ناوی کاک ئومێد وەرزەندە بە (ئومێد وەرزەند) نووسرابوو
ئاراس

# چاپكراوەكانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ۲۰۰۲دا

(١) مذكرات بنڤنوتو چلليني. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٢) المجتمع الكردي في المنظور الإستشراقي. تأليف: د. بدرخان سندي.
(٣) مارەكەيان بكوشتايە. رۆمان: یەشار كەمال. وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.
(٤) سەردەمی بێ تاوانی. شانۆنامە. دكتۆر قوتبەدین سادقی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە نەجیبە ئەحمەد
(٥) كركوك في العصور القديمة. الدكتور جمال رشيد أحمد.
(٦) نامەكانی مەم. محەمەد مەولوود مەم.
(٧) نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەكانی گۆران. ئومێد ئاشنا- كۆی كردووەتەوە و رێكی خستووە و پێشەكیی بۆ نووسیوە،
(٨) ماڵئاوایی لە چەک. رۆمان. ئێرنست هێمنگوای. عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز لە ئینگلیزییەوە كردوویەتی بەكوردی.
(٩) سانتیاگۆ دی كۆمپۆستێلا **Santiago De Compostela** -رۆمان. فەرهاد پیرباڵ.
(١٠) مەلی ئاوات. سێ شانۆنامە. وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن.
(١١) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەكانی. حەسیب قەرەداخی-بەرگی یەكەم.
(١٢) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەكانی حەسیب قەرەداخی-بەرگی دووەم.
(١٣) ساڵنامەی كوردستان-دەزگای ساڵنامەی كوردی. پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
(١٤) الجبل والسهل - قصص قصيرة. محي الدين زەنگەنە.
(١٥) كوردستان العراق-آراء ومواجهات إعلامية بقلم: فوزي الأتروشي.
(١٦) مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆكیومێنتی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥-١٩٥٨ (تۆمارێكی زێڕین لە مێژووی گەلی كورد). د. ئەفراسیاو هەورامی.
(١٧) تحولات. ناصر يوسف.
(١٨) كوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا. (چالاكییەكانی كابینەی چوارەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا). ئامادەكردنی: بەدران ئەحمەد حەبیب + هەڵمەت حەمید.



(١٩) كوردستان: دیوانا شێخ مەمدووحێ بریفكانی. ئامادەكردنی: زاهد بريفكانی.
(٢٠) زبانێ كوردی: دیوانا شێخ نوورەدینێ بریفكانی. ئامادەكردنی: زاهد بريفكانی.
(٢١)دیدارێ یار: دیوانا شێخ شەمسەدینێ قوتبێ ئەخلاتییێ بریفكانی. ئامادەكردنی: زاهد بريفكانی.
(٢٢) وفادة الى المنطقة المحررة. رواية وثائقية. يونان هرمز.
(٢٣) نناشد صلاح الدين... أم نحاسب أنفسنا؟ إستجواب قائد بعد ثمانمائة سنة. حوار مع الأستاذ الدكتور مُحسِن محَّمد حُسَين. أجراه: بدران أحمد حبيب
(٢٤) يقظة الكرد. جرجيس فتح الله.
(٢٥) گەڕان بەدوای نەمرییدا. مەولود ئیبراهیم حەسەن.
(٢٦) حملة الأنفال في كردستان العراق. تدمير قرية كوريمي. ترجمة د. رزگار.
(٢٧) شیعری ئینگلیزی. بەرگی یەكەم: شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا. هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئومێد وەرزەندە، بەختیار سەجادی.
(٢٨) دیاردەگەرایی تاراوگە. ڕێبوار سیوەیلی.
(٢٩) ئاراس پەڕینەوەیە بەرەو سەرفرازی- رۆشنبیران كارەكانی دەزگای ئاراس هەڵدەسەنگێنن.
(٣٠) الحديقة الناصرية في تاريخ وجغرافيا كردستان. علي أكبر كردستاني. ترجمة: جان دوست.
(٣١) كەشكۆڵی كەلەپووری ئەدەبی كوردی - كەشكۆڵی عەبدولفەتاح - لێكۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی. بەرگی پێنجەم.
(٣٢) ئەوێستا - نامەی مینەوی زەردەشت. وەرگێڕی بۆ كوردی: عومەر فارووقی.
(٣٣) مێژووی ئەدەبی كوردی. بەرگی دووەم. دوكتۆر مارف خەزنەدار.
(٣٤) احداث عاصرتها. الجزء الثاني. ذكريات السيد محسن دزەيی.
(٣٥) الفيدرالية والديمقراطية للعراق: الدكتور: محمد هماوەندي.
(٣٦) چیرۆک و بەیتی كوردی. كۆكردنەوە و ئامادەكردنی: عەزیز شارۆخ.
(٣٧) بەرهەمی خەبات. بەشێک لە بەرهەمەكانی ا. ب. هەوری (ئەبوبەكر شێخ جەلال).
(٣٨) عێراق و دەوروبەری - كورد لەو ناوەندەدا: سامی شۆڕش.
(٣٩) ژ فولكلورێ كوردی. خرڤەكرن و ب سەر و بەركرنا. صادق بهاءالدين ئامێدی.
(٤٠) سێ خولگەی ڕەخنەیی لە ئەدەبی كوردی.دكتۆر لەتیف محەمەد حەسەن.

(٤١) دەمێ مەرگ.. دەمێ خۆشەویستی . ڕۆمان. ئیریش ماریبیا ڕیمارک. وەرگێڕانی: رزگار نوری شاوەیس.
(٤٢) ڕەنگدانەوەی ئەدەب لە گۆڤاری هاواردا ١٩٣٢ - ١٩٤٣ . عبدالصمد إسلام طه.
(٤٣) الحملة على بادينان وأوضاع اللاجئين. رؤوف كامل عقراوي (أ. كاوه). تقديم: فلك الدين كاكةيي.
(٤٤) كركوك - بحوث الندوة العلمية حول كركوك. ٣-٥ نيسان ٢٠٠١ . أربيل.